Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# ئایین وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ نوسینەوە و چەسپاندنی یاساکان لە عێراقی کۆندا

حسن قادر محمود [1]، حلمی رسول رضا [2]

[2+1] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئایین وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ نوسینەوە و چەسپاندنی یاساکان لە عێراقی کۆندا) تیشک دەخاتە سەر هەندێ لە یاسا تۆمارکراوەکان لە عێراقی کۆندا، لەگەڵ دەرخستنی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایین لەسەر ئەو مادده یاساییانە، بەتایبەتیش ئەو ماددانەی گرینگیان بەلایەنی (ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی) داوە، سەرەڕای نیشاندانی ئەو گۆڕانکاریانەی لەڕوی یاساییەوە بەسەر لایەنەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوچەکانی عێراقی کۆندا هاتوە لە قۆناغە مێژوییەکاندا.

توێژینەوەکە پێکدێت لە پێشەکی و سێ باس و لیستی سەرچاوەکان، باسی یەکەم تایبەتە بە یاسا ئابورییەکان و باس لەلایەنی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و سیستەمی باج کراوە، لە باسی دوەمدا تیشک خراوەتە سەر یاسا کۆمەڵایەتییەکان کە هاوسەرگیری و خێزان و میرات دەگرێتەوە، باسی سێیەم تەرخان کراوە بۆ کاریگەریی یاساکان لەسەر سیستەمی کارگێڕی و سیاسی و سەربازی، ئەمە سەرەڕای خستنەڕوی گرینگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە.

**کلیلە وشەکان:**

یاسا، ئایین، خواوەندەکان، بۆنەوئاهەنگ، پیرۆزی، پەرستگا.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(2).Paper4

**Received:** 28-June-2021

**Accepted:** 26-July-2021

**Published:** 29-March-2022

**Corresponding Author's E-mail:**

Hassanqadir@uor.edu.krd

Hilmi.rasool@uor.edu.krd

**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

ئایین پێگەیەکی بەهێزو کاریگەری هەبوە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا، کاری کردۆتە سەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤەکان بەدرێژایی مێژو، ئەوەش بەڕونی ڕەنگیداوەتەوە لە هەڵسوکەوت و ژیانی مرۆڤ لە کۆندا بەگشتی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارەکانی عێراقی کۆن بە تایبەت، بۆیە لە کاتی دەرچواندنی یاساکان هەوڵیانداوە سود لە ئایین وەربگرن بۆ نوسینەوە و چەسپاندنی یاساکانیان.

**ئامانج و گرینگی توێژینەوەکە:** بێگومان هەر توێژینەوەیەک ئامانج و گرینگی خۆی هەیە، ئامانجی ئەو توێژینەوەیەش دەرخستنی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایینە لە تۆمارکردن و چەسپاندنی یاساکان لە عێراقی کۆندا بە شێوەیەکی زانستی و ورد، لەگەڵ خستنەڕوی کاریگەری ئایین لەسەر ژیانی دانیشتوان و ڕەفتاری فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارەکان، بۆیە هەوڵدراوە لەچوارچێوەی ئەو توێژینەوەیەدا بەناونیشانی (ئایین وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ نوسینەوە و چەسپاندنی یاساکان لە عێراقی کۆندا) سەرجەم لایەنەکانی ژیانی دانیشتوانی عێراقی کۆن لەڕوی ئایین و یاساوە بخەینەڕو، جگەلەوەش پێگە و گرینگی ئایین لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و شارستانیەتە کۆنەکاندا دەردەخات.

**سنوری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە باس لە دەق و ماددە یاساییە تۆمارکراوەکانی عێراقی کۆن دەکات، بە وەرگرتنی چەند نمونەیەک لەشارستانییەتەکانی (سۆمەری، بابلی، ئاشوری) کە لە ناوچەکەدا ژیاون.

**میتۆدی توێژینەوە:** چەند میتۆدێکی جۆراوجۆری مێژویی لە نوسینەوەی توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە بەتایبەتی میتۆدی وەسفی و کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و گواستنەوەی زانیارییەکان و بەراوردکاری و شیکارکردنەوەیانە بەئەندازەی تێگەیشتن لەو بابەتە، خستنەڕوی دید و بۆچونی خۆمان لەسەر بابەتەکە لەتوێژنەوەکەدا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام و و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی بابەتەکە بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ باسی سەرەکی پێکهاتوە، کە هەر باسێک دابەشبوە بۆ چەند تەوەرێک بۆ شیکردنەوەی و لێکۆڵینەوە لە یاساکان، بەشێوازەی خوارەوە: لە باسی یەکەمدا باس لە هەمو یاسا ئابورییەکانی (کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی و سیستەمی باج) کراوە، لە باسی دوەمدا یاسا کۆمەڵایەتیەکانی (هاوسەرگیری و خێزان و میرات) دەخەینەڕو، لە باسی سێیەمدا یاسا کارگێڕی و سیاسی و سەربازییەکان دەخرێتە بەر باس لە عێراقی کۆندا.

## باسی یەکەم: ڕەنگدانەوەی ئایین لە یاسا ئابورییەکاندا:

کۆمەڵگای عێراقی کۆن بەهەمو چینەکانیەوە؛ سیاسی، ئابوری، ئایینی، و چینی گشتی تێڕوانینێکی پیرۆزیان هەبوە بۆ ناوەندە ئاینییەکان و خواوەندەکانیان، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوانی ئایینی دەسەڵاتێکی دیاریکراویان هەبوە لەڕوی ئایینی و سیاسیەوە (سلیمان، ١٩٨٣: ١٨٥-١٨٦)، بەشێک لە توێژەرانی بواری ئابوری و کۆمەڵناسی و فەلسەفی و مێژویی پێیان وایە لایەنی ئابوری هۆکاری سەرەکی یاخود تاکە هۆکاری بەرەو پێشچون یان چەقبەستن و پاشەکشەی ڕوداوە مێژوییەکانە (عبدالله، ٢٠١٠: ١٠٠).

سیستەمی سیاسی و ئایینی لەو سەردەمەدا بواری ئابوری وڵاتی بەگشتی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و بەتایبەتیش ئابوری ناوخۆ، کە هۆکاری سەرەکی بژێوی ژیانی دانیشتوان بوە، لە شارستانیەتی عێراقی کۆندا گوندەکان سەرچاوەی سەرەکی داهاتبون (ساکز، ١٩٩٩: ١٧٩)، ئەوەش بەس نەبو بۆ ئەوەی ناوچەکە بگاتە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنی شارستانیەتی، چونکە شارستانیەت زیاتر بە دروستبون و پێشکەوتنی شارەکان گەشەیکردوە (سلیمان، ١٩٨٣: ١٨٥)، شارستانییەتە دیارەکان لە ناوەندی شارەکانەوە دەستیان بەهەنگاونان کردوە بەرەو پێشکەوتن، چالاکییەکانی دانیشتوانی شارەکان لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری (کشتوکاڵی، پیشەسازی، بازرگانی) بونەتە بنەمای گەشەسەندن (ئاسیموڤ، ٢٠٠٣: ٢٤)، ئابوری لە شارستانییەتەکانی عێراقی کۆندا پشت ئەستوربوە بە چالاکییە کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەسازییەکان، دیارە پەیوەندی بەتین لەنێوان ئەو سێ بنەمایەدا هەیە و گرینگی پێدانیشیان بە گوێرەی پێداویستی و دۆخی سەردەم و قۆناغەکان جیاواز بوە (سلیمان، ١٩٨٣: ١٩٣-١٩٤).

### یەکەم: کشتوکاڵ کردن:

پەرستگاکان لە عێراقی کۆندا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبوە لە کۆمەڵگادا، جگەلەوەی ناوەندێکی ئایینی بون بۆ بەڕێوەچونی بۆنەو ڕێوڕەسمەکان، هەروەها ناوەندێکی یاساییش بون بۆ بەڕێوەچونی کاروبارە یاساییەکان و لە هەمان کاتدا ناوەندێکی ئابوری بون بۆ پێدانی سپاردە و قەرزەکان، بەوەی پەرستگاکان خاوەنی زۆربەی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانیان بون (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٢٧)، لەلایەکی دیکەوە شارەکان ناوەندێکی سەرەکیبون بۆ کۆکردنەوەی داهاتی گوندەکان، جا بەشێوەی باج لێیان وەرگیرابێت، یان بۆ بۆنە و ئاهەنگە ئاینییەکان (الأحمد، ١٩٨٥: ١٨٤)، لەسەرەتادا خواوەندەکان پیاوانی ئایینیان ڕاسپاردوە بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی شتومەکەکان، بەڵام ئەو کارە دواتر بوارێکی دونیایی وەرگرتوە و فەرمانبەری مەدەنی بۆ دیاریکراوە (احمد، ١٩٩٨: ١٤٤).

وەک هەر شارستانیەتێکی دیکەی کۆن کشتوکاڵ کردن لایەنێکی سەرەکی ئابوری عێراقی کۆنی پێکهێناوە و بەشێوەیەکی سادە دەستیپێکردوە، پاشان وەک سەرجەم لایەنەکانی دیکە پەرەیسەندوە تا ئەو ئاستەی کاریگەری گەورەی دروستکردوە لە گەشەکردنی ئابوری وڵاتەکەدا (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ١١٦)، چالاکییەکانی بواری کشتوکاڵ زیاتر خۆی لەچاندنی دانەوێڵە و باخداریدا بینیوەتەوە و گرینگی زۆریان داوە بەچاندنی دار و بەروبومی جۆراوجۆر (عصفور، دون تاریخ: ٢٣٠)، بەزۆریش پشت بەو زەویانە بەستراوە، کە

ئاوی تێدا هەبوە لە شێوەی ئاوی ڕوبارو کانی و باران، هەر لەم بوارەشدا، چەندین خواوەندیان هەبوە بۆ ئاوەکان و بەپیتی (الأحمد، ١٩٨٥: ١٥٤)، لە نمونەی خواوەند (ئەیا Aya) کە لە بیروباوەڕی ئەواندا بەرپرس بوە لەئاوی دەریا و ڕوبارەکان، خواوەندی خۆر (شەمس Shams)یش بەرپرسبوە لەئاوی باران (سوسە، ١٩٦٨: ١٧٤–١٧٥)، دیارە ئەو جۆرە لەباوەڕی دانیشتواندا کاریگەری کردۆتە سەر شێوازی ژیانیان، هەروەها چەندین خواوەندیشیان هەبوە بۆ پارێزگاریکردن لە بێستانەکان و بەروبومە کشتوکاڵییەکان (الأحمد، ١٩٨٥: ١٥٤).

ڕوبەرێکی زۆر لەناوچەکانی عێراقی کۆن شیاوبون بۆ کشتوکاڵ کردن ئەویش بەهۆی بەپیتی زەوییەکان و گونجاوی کەش و هەواوە بوە، بەزۆریش پشت بەڕوبارەکان و بەتایبەتیش هەردو ڕوباری دیجلەو فورات بەستراوە، ئەو بەروبوم و شمەکانەشی لەو بوارەدا بەدەستهاتون هۆکارێکی کاریگەر بون بۆ پەرەسەندن وگەشەکردن لەبوارەکانی دیکەی شارستانییەتدا(الطائي، ٢٠٠٧: ٨٩)، دیارە دوای گۆڕانکاری لەکەش و هەوای باکوری وڵاتەکەدا، دانیشتوانی ناوچەکە ڕویانکردە زەوییەکانی دەوروبەری فورات بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ شیاوبون (سلیم، ٢٠٠١: ١٣٢).

یاساکانی عێراقی کۆن گرینگیان بە کشتوکاڵ کردن و ڕێکخستنی کارەکانی داوە لەوانە یاساکانی (ئور-نمو UR–Nammu)[١] باس لە دەستدرێژی دەکات بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٩٦)، جگەلەوەش چەندین مادەی تری هەیە باس لە سزادانی ئەو کەسانە دەکات، کە زیان بە بەروبومە کشتوکاڵییەکان دەگەیەنێت، یاخود هۆکار بێت، هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی کەمتەرخەمن لە نەچاندن زەوییە کشتوکاڵییەکان (سلیم، ٢٠٠٧: ٢٤٥)، یاساکانی (لبت–عشتارLipit–Istar)[٢] ماددەی تایبەتی هەیە بۆ بێستان و ڕادەستکردنەوەی ئەو زەویانەی چاندراون بە خاوەنەکانیان (الأحمد، ١٩٨٥: ١٥٨)، ئەمەو جگەلەوەش چەندین ماددەی تایبەتی هەیە بە پاراستنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و باخچەکان، ئەوەش ڕواڵەتێکی ئایینیبوە بۆ ئەوەی دادگەری پەیڕەوبکرێت لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا کە ویستی خواوەندەکان بوە (سلیم، ٢٠٠٢: ٣٧٠)، لە یاسای شانشینی (ئەشنۆنا)[٣]دا چەندین ماددەی یاسایی هەیە تایبەت بە کاروبارەکانی کشتوکاڵ و کرێی زەوییە کشتوکاڵییەکان (رشید، ١٩٧٣: ٦٢)، هەروەها لە یاساکاندا باس لە دیاریکردنی کرێی کرێکارە کشتوکاڵییەکان کراوە (سلیم، ٢٠٠٢: ٣٦٨).

لە یاساکانی پاشا (حامورابی)[٤]دا بەڕونی دەردەکەوێت، کە گرینگی زۆریداوە بە کشتوکاڵ کردن لەپێشەکی یاساکانیدا و ژمارەیەکی زۆر لە ماددەکانی تایبەتن بە کاری کشتوکاڵی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان جوتیارەکان خۆیان یان لەنێوان خاوەن زەوییەکان یا خاوەن زەوی و جوتیارەکان (الاعظمي، ١٩٩٠: ١١١)، بەیاسا چاندنی زەوییەکانی ڕێکخستوە لە نێوان جوتیارەکە و خاوەن زەوییەکە پێویستە لە پێنج ساڵ جارێک زەوییەکە نۆژەنبکەنەوە بۆ ئەوەی زەوییەکە بێ پیت نەبێت (الأحمد، ١٩٨٥: ١٥٨)، چەندین ماددەی دیکە هەیە بۆ بەکرێدانی کەلوپەل و ئامێر و ئەو ئاژەڵانەی لە بواری کشتوکاڵ کردندا بەکاردەهێنرێن، ئەوەش خۆی دەبینێتەوە لە نزیکەی (٨٤) ماددەی یاسایی لەگەڵ چەند نامەیەک کە لە شێوەی فەرمان و ڕێنمایی ئاڕاستەی بەرپرسە کارگێڕییەکانی کردوە بۆ گرینگیدان بە زەوییە کشتوکاڵییەکان (الاعظمي، ١٩٩٠: ١١١).

دانیشتوانی عێراقی کۆن پێیانوایە لەبەرئەوەی حامورابی لە یاساکانیدا ملکەچی بۆ خواوەندەکانی هەبوە و بە پیرۆز سەیریکردون و وایاندناوە لەلایەن خواوەندەکانەوە پێشکەشیکراون خزمەتێکی زۆری بواری ئایین و پەرستگاکان کردوە (سلیم، ٢٠٠٢: ٣٧١)، جگەلەوەش گرینگی بەدار و دارستانەکان داوە و پاراستونی و جوتیار و کارمەندی تایبەتی بۆ داناون، ڕێگەیداوە بە بەکرێدانی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە نێوان خاوەن زەوی و جوتیارێکی دیکەدا (الاعظمي، ١٩٩٠: ١١٢)، هەروەها لە یاساکانی (ئاشوری)[٥]شدا گرینگی بەلایەنی کشتوکاڵی دراوە و هەوڵدراوە بەپێی یاسا ڕێکبخرێت و بپارێزرێت لە لەناوبردن و دەستدرێژی کردن بۆ سەر بەروبومە کشتوکاڵییەکان، ئەمەش بەڕێگەی سزادان و قەرەبوکردنەوەی خاوەنەکەی (سلیم، ٢٠٠٧: ٣١٤–٣١٥).

دەتوانرێت بوترێت کشتوکاڵ کردن لەعێراقی کۆندا ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە لە پێشخستنی سەرجەم بوارەکاندا هەر بۆیە بایەخی زۆری پێدراوە لەلایەن پەرستگاوە، ئەوەش وایکردوە چەندین یاسای تایبەت بەکاروباری کشتوکاڵ دەربچێت لەلایەن پاشاکانەوە بۆ پاراستنی مافی خاوەن کارو زەوی و بەروبومە کشتوکاڵییەکان، کە کاریگەری ئایینی بەسەرەوە هەبوە بەهۆی ئەوەی پەرستگاکان گرینگی زۆریان بەکشتوکاڵ کردن و ئەو زەویانەی موڵکی پەرستگاکان بو، داوە.

## دوەم: بازرگانی

لە ئەنجامی ئەو گەڕان و پشکنینانەی کراوە بۆ ناوچە و شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق کۆمەڵێک کەلوپەلی شوێنەواری دۆزراوەتەوە، کە لە خاکی عێراقدا بونیان نەبوە، وەک جۆرێک لە بەرد و سەدەف و چەندین جۆری کانزا، کە بەڵگەن لەسەر یەکەمین ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان شارەکانی عێراق و ئەو ناوچانەی ئەو جۆرە کەلوپەلە سەرەتایانەیان هەبوە بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن (الهاشمي، ١٩٨٥: ١٩٥)، بازرگانی لەسەرەتاکانی ڕێرەوی ئەو شارستانیەتەدا دەرکەوتنی کەمتربوە بە بەراورد بە کشتوکاڵی کردن و پیشەسازی، لە نوسراوە یۆنانی و ڕۆمانیەکاندا باس لە سیستەمی ئەو مامەڵەی بازرگانیانە کراوە، کە لە عێراقی کۆندا سەریانهەڵداوە (سلیمان، ١٩٨٣: ١٩٥)، بەتایبەت بەهۆی هەڵکەوتەی پێگەی عێراقەوە، کە شوێنێکی ستراتیجی بوە و هۆکارێکی سەرەکی بوە بۆ زیاتر بەرەوپێشچونی بازرگانی دەرەکی، سەرەڕای ئەوەی عێراق خۆی پێویستی بە چەندین جۆر لە کانزا و کەرەستەی سەرەتایی بوە (ساكز، ١٩٧٩: ١٩٢)، بەشێکی زۆر لەو پێداویستیانەی لە نشینگە بازرگانییەکانی دەریای ناوەڕاست هێناویەتی، چونکە زۆربەی پێداویستی سەنتەرەکانی بازرگانی جیهان لە نشینگەکانی دەریای ناوەڕاست بون، بەرهەمەکانیشیان بەزۆری لەوڵاتانی ڕۆژهەڵات دەهاتن (Kennedy, 1898: 241)، دانیشتوانی عێراق گرینگی زۆریان بەبازرگانی داوەو لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا پێوەی سەرقاڵبون، ئەم بوارە مێژوەکەی بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز دەگەڕێتەوە (الهاشمي، ١٩٨٥: ١٩٦)، هەروەها هەردو جۆری بازرگانی (ناوخۆ و دەرەکی)ی پەرەپێدراوە، بۆ زیاتر پێشخستنیشیان هەستاون بەدروستکردنی کەشتی و بەلەم و سیستەمی کێش و پێوانەیان ڕێکخستوە و لە سەردەمەکانی دواتردا چەندین یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەبازرگانی دەرچون (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٩٦).

دیارە خودی دەوڵەت پارێزگاری لە پرۆسەی بازرگانی كردوە و چەندین هەڵمەتی سەربازی بۆ پاراستنی ڕێگا بازرگانییەكان ئەنجامداوە، لەهەمان كاتدا هەوڵی تاك لایەنە هەبوەو بە شێوەی كۆمەڵیش هەوڵی پێشخستنی دراوە، تا ئەو ڕادەیەی بازرگانی بەشێک بوە لە ژیانی دانیشتوانی كۆنی ناوچەكە، وەک پاڵپشتیەكیش بۆ دابینكردنی مادده سەرەتاییەكان تەماشاكراوە، هەرچەندە دەركەوتنی مێژوی بازرگانی كردن لە عێراقی كۆندا بەشێوەیەكی ورد زۆر ڕون نییە، بەڵام بەهۆی نەبونی كانزا و بەردی بە نرخ و چەند ماددەیەكی سەرەتایی بەمەبەستی پیشەسازیكردن و پێداویستی بۆ كەلوپەلە كشتوكاڵییەكان هۆكارێكی بنەڕەتی بون بۆ دەركەوتنی بازرگانی دەرەكی (الهاشمي، ١٩٨٥: ١٩٦)، بەشێک لە توێژەران پێیان وایە هۆكارێكی دیكەی گەشەكردنی بازرگانی لە ناوچەكانی عێراقی كۆندا بریتیبوە لەبونی ڕوبارەكان كە ئاسانكارییان كردوە بۆ جوڵەی كەشتیە بازرگانییەكان (شريف، دون تاريخ: ٢١٠).

یاساكانی عێراقی كۆن گرینگیان بەلایەنی بازرگانی داوە و لە پێشەكی یاساكانی (ئور- نمو)دا باس لە پاسەوانی دەوڵەت دەكات لە پاراستنی كەشتییە بازرگانییەكان و دروستكردنی لەنگەر لە كەنار ئاوەكان و دابینكردنی ئارامی و ئاسایش بۆیان، لە ماوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئوری سێیەمدا دەسەڵاتی پەرستگاكان بە دەردەكەوێت لە كاروبارە بازرگانیەكاندا (الهاشمي، ١٩٨٥: ٢٢٧)، هەروەها لە پێشەكی یاساكانی شانشینی ئەشنۆنادا باس لە بازرگانی و بازرگانەكان و مافەكانیان و مامەڵەكانیان كراوە (سليم، ٢٠٠٧: ٢٤٩)، یاسادانەری شانشینی (ئەشنۆنا) گرینگی بە دامەزراوە داراییەكان (مامەڵە، گرێبەستە بازرگانی و ئابوریەكان) داوە، بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی دارایی و یاسایی و ماف و ئەركەكانی سەرجەم لایەنەكان لە كاروبارە ئابورییەكانی وەک كڕین و فرۆشتن (الهاشمي، ١٩٨٥: ٢٢٨)، جگە لەوەش چەند ماددەیەكی دیكەی یاسایی هەیە بۆ ڕێكخستن و دیاریكردنی نرخەكان و كرێیەكان و هۆكارەكانی گواستنەوە و كرێی گواستنەوەی كەلوپەلە بازرگانییەكان و لەڕێگەی بەلەم و ئەوانەی كاری تێدادەكەن (سليم، ٢٠٠٢: ٣٦٨).

لەسەردەمی حامورابیدا شاری (سیپار Sipar) گرینگیەكی تایبەتی هەبوەو بەپایتەختی ئابوری بابل ئەژماركراوەو ناوەندی كاروانە بازرگانییەكان بوەو لەڕێگەی ڕوبارەكانەوە هاتوچۆیان كردوە، گرینگی شارەكە لەوەدابوە، كە ناوەندێكی مەزنی ئایینی بوە سەرەڕای بایەخپێدانی لە روی بازرگانیەوە (الاعظمي، ١٩٩٠: ١٢٢)، هەروەک حامورابی لە یاساكەیدا گرینگی داوە بە كاروباری بازرگانی و مادە و ڕێنمایی تایبەتی داناوە بۆ بەدیاریكردنی نوێنەر و گرێبەستە بازرگانییەكان لەگەڵ دیاریكردنی ئەرک و مافەكانیان (الحمداني، ١٩٨٩: ١٣٨)، سەرەڕای هەبونی ماددەی تایبەت بە مامەڵە بازرگانییەكان و هۆكارەكانی گواستنەوە و سپاردە و كەشتیە بازرگانییەكان (سليم، ٢٠٠٧: ٢٦٨-٢٦٩)، ئەمەو جگە لەگرینگیدان بە ڕێگاكانی گواستنەوە، كە لەسەرەتادا خێراییان زۆر نەبو، ئەمەش پێویستی بەبنەمای یاسایی هەبو بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی لەنێوان بازرگانی ناوخۆیی و دەرەكیدا، شایانی باسە ئەو جۆرە یاسایە بۆ ڕێكخستنی كاری بازرگانی لە سەردەمەكانی پێشوتردا بونیان نەبوەو تەنها لەكاتی فەرمانڕەوایەتی حامورابیدا دەركەوتوەو پەیڕەویی لێكراوە.

جێی ئاماژەیە چەندین ماددەی دیكە هەبوە بۆ ڕیكخستنی بازرگانی ناوخۆیی پشتی دەبەست بە بەشداریكردن لەبازرگانی و گواستنەوە و قەرزەكان (الحمداني، ١٩٨٩: ١٤٤)، حامورابی هەوڵیداوە لەڕێگەی

مادده یاساییەکانیەوە کێشەکانی بازرگانی چارەسەربکات و پەیوەندی لەنێوان کڕیار و فرۆشیار بەیاسا ڕێکببخات، ئەویش لەپێناو گەشەکردنی ئابوری وڵات بو (سليم، ٢٠٠٢: ٣٧٦-٣٧٧).

وەک لە سەرەوە دەرکەوت، یاساکانی عێراقی کۆن گرینگی زۆریان بەلایەنی بازرگانی داوە و چەندین ماددەی یاساییان بۆ ئەو مەبەستە دەرچواندوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری بازرگانی، مەبەست لە دانانی ئەو یاسایانەش پێشخستنی ئابوری وڵات بوە، جگە لەوەش گرینگی زۆر دراوە بە دروستکردنی بەندەری بازرگانی لە شارەکاندا بەتایبەت لەو شارانەی پێگەیەکی ئایینی بەرچاویان هەبوە، هەربۆیە دەتوانرێ کاریگەری ئایین لەسەر دەرچواندنی یاساکان لە عێراقی کۆندا بەڕونی هەستی پێبکرێت.

## سێیەم: پیشەسازی

پیشەسازی بەیەکێک لە بنەماکانی ئابوری عێراقی کۆن دادەنرێت و کاریگەری بەرچاوی لەسەر دانیشتوانەکەی هەبوە و هەوڵیانداوە سود لە بەرهەمە ئاژەڵی و ڕوەکییەکان و بەکارهێنانیان لە پیشەسازییە خۆراکییەکان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان وەربگرن (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ١٥٠)، لە سەرەتادا پیشەسازی بە شێوازێکی سادەبوە و خۆی لەدروستکردنی ئامێر و کەلوپەلە بەردینیەکاندا بینیوەتەوە ( سليمان، ١٩٨٣: ١٩٩)، دیارە یەکەمجار مرۆڤ بەردی بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی و هیچ پیشەسازییەکی دیکەی نەزانیوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆر بەردەوامی هەبوە (الدباغ، ١٩٨٥: ٧)، پاشان پیشەسازی گڵێنەکاری دەرکەوتوە و قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردوە تاوەکو گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتو لەبەکارهێنانی چەندین تەکنیکی جیاواز و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، جگە لەوەش لەماوەکانی دواتردا بە مەبەستی ڕازاندنەوەش بەکاریانهێناوە (ابراهيم، ١٩٨٥: ٤٨)، هەروەها گڵێنەیان بۆ دروستکردنی کەلوپەلی ناو ماڵ بەکارهاتوە، بەتایبەتی ئەو کەلوپەلانەی پێویستبون بۆ خواردن و خواردنەوە (الراوي، ١٩٨٥: ٣٧٤).

دانیشتوانی عێراقی کۆن بەردەوام هەوڵی پێشخستنی پیشەسازییان داوەو چەندین ماددەی سەرەتایی گرینگیان لە ناوچەکانی دەرەوەی عێراق هێناوە بۆ دروست کردنی کەلوپەلەکانیان (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ١٥٠)، کاری پیشەسازی کاریگەری بەرچاوی هەبوە لە پێشخستنی ئەو شارستانیەتە، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک پیشە و بەکارهێنانی کانزا لە پیشەسازی دروستکردنی کەلوپەلەکانی ژیانی رۆژانە (الجادر، ١٩٨٥: ٢٣٩)، لە دروستکردنی کەلوپەلە کشتوکاڵییەکانیاندا بەرد و کانزا و داریان بەکارهێناوە، ئەمەو جگە لە پیشەسازی ڕستن و چنین، لەدوای دۆزینەوەو بەکارهێنانی نوسینیش پیشەی دروستکردنی پەیکەر لە بەرد و بنیادنانی دیوارەکانیان ئەنجامداوە (Wallenfels, 1990: 48)، ئەو کارەشیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بیروباوەڕی ئایینی و دەسەڵاتی پاشاکانەوە هەبوە، هەروەها پیشە دەستییەکان لەلایەن کۆمەڵە و خێزانەکانەوە ئەنجام دراون لەنمونەی دروستکردنی جلوبەرگ، ئەو جۆرە لە پیشەسازییە لەلایەن خێزانەکانەوە پارێزگاری لێکراوەو وەک پیشەیەک لە باوکەوە بۆ منداڵەکان ماوەتەوە، یاخود هەوڵیان داوە منداڵەکانیان لەسەر هەمان شێوازی خۆیان فێربکەن (سليمان، ١٩٨٣: ١٩٩).

عێراقی کۆن بە ناوەندێکی پیشەسازی ئەژماردەکرێت و یەکەمین پیشەسازی جۆراوجۆری لێدەرکەوتوە (الراوي، ١٩٨٥: ٣٥٢)، بەردی بەنرخ و کانزا و زێڕ و زیو و مس لە پیشەسازی و جوانکاریدا بەکارهێنراون (الجادر، ١٩٨٥: ٢٥٠)، لەماوەی فەرمانڕەوایەتی ئاشورییەکاندا لەلایەن پاشاکانیان و پیاوانی ئایینی و دەوڵەمەندەکان ئەنجامدراوە، ئەو پیشەیە خۆی لە دروستکردنی بازنگ و ملوانکەدا دەبینیەوە، لەگەڵ ئەوەی بەشێک لەو مادانە نرخیان کەمبوە، کەچی بە ئاستەم توانیویانە دەستیان بکەوێت و بەکاریبهێنن (عصفور، دون تاریخ: ٢٠٨).

پێشکەوتنی پیشەسازی لە عێراقی کۆندا لە هەندێک کەلوپەلی دیاریکراودا بەدەرکەوتوە و پێشکەشی پەرستگاکان کراوە لە شێوەی دیاری یان باجدا، بەڵام لە توانایاندا نەبوە هەڵیبگرن بۆیە بەشێکی زۆریان خستۆتە بواری پیشەسازیەوە، لەلایەن کۆیلەکانەوە ئەنجامدەدرا و کرێیەکەی پێشکەش بە پەرستگاکان دەکرا (الحمداني، ١٩٨٩: ١٤٧)، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین ماددەی یاسایی لە یاساکانی عێراقی کۆندا باس لە پاراستنی سەروەت و سامانی پەرستگاکان و پێداویستی خواوەندەکان کراوە و سزای قورس بۆ ئەو کەسانە دیاریکراوە، کە دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و موڵکی پەرستگا (رشید، ١٩٧٣: ٩٠)، لەئەنجامی پێویستی هەندێک کەرەستەی سەرەتایی بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ کە لەدەرەوە هێناویانە بەڕێگەی بازرگانی و لەئەنجامی گرینگیدانی عێراقیەکان بەبازرگانیکردن پێویست بو ڕێگەی پیشەسازی دروستکردنی چەندین جۆر لە کەلوپەل بگرنەبەر بۆ ئەوەی بتوانن بازرگانی دەرەکی و ناوخۆ پێشبخەن، بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵیانداوە پیشەسازی دروستکردنی کەشتی و گالیسەکە ئەنجام بدەن (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ١٣٢)، ئەو کارەش پێویستی بە کۆمەڵێک یاسا و ڕێنمایی تایبەت هەبوە بۆ ئەو وەستا و کرێکارانەی لە دروستکردنی بەلەم و هۆیەکانی گواستنەوە بازرگانیەکاندا کاریاندەکرد، زۆربەی زۆری ڕێنمایی و ماددە یاساکانی ئەو سەردەمە لە بنەماکانی ئایینەوە سەرچاوەیان گرتبو، بە ڕێنمایی و یاساکانی خواوەندیان زانیوە، کە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی هاتوە (رشید، ١٩٧٣: ٦٢؛ سلیم، ٢٠٠٢: ٣٩٨).

بەشێکی دیکە لە ماددە یاساییەکان تایبەتن بە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خاوەن کار و وەستاکان و کرێکارەکان و دیاریکردنی ئەرک و مافەکانیان و دیاریکردنی ئەو زیانانەی بەریان دەکەوێت لە کاتی کارکردندا، ئەمەش بەدیهێنانی دادپەروەرییە کە ویستی خواوەندەکان بو (الهاشمي، ١٩٨٥: ٢٣٤)، هەندێکی دیکە لە یاساکانی حامورابی باس لە کرێی کرێکار و وەستاکان دەکات لە چالاکی پیشەسازیدا بەتایبەت پیشەسازی دورین و ئاسنگەری و دروستکردنی کەشتی و گالیسە و چەندین پیشەی دیکە (النجفي، ١٩٨٢: ٦٣-٦٤)، هەمو ئەو ماددە یاسایانەی باس لە بازرگانی دەکەن لە ناوچەکانی عێراقی کۆندا بە جۆرێک لە جۆرەکانی باس لەلایەنی پیشەسازی دەکەن لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا و وەک دو کاری تەواوکەری یەکتر وابون لە قۆناغە یەک لەدواییەکەکانی ئەو شارستانیەتەدا (الحمداني، ١٩٨٩: ١٤٤و١٤٨).

لە یاساکانی عێراقی کۆندا گرینگی زۆر بەپیشەسازی دراوەو چەندین ماددەی یاسایی تایبەت بەبوارەکانی پیشەسازی هەبوە، لەپێناو ڕێکخستن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی شارستانییەتەکەیان لەلایەک و

ڕازاندنەوەی بینای پەرستگاکان و کۆشکەکان لەلایەکی ترەوە، هەمو ئەوانەش بنەمایەکی ئایینیان هەبوە لەدەرچواندنی مادده یاساییەکان لەلایەن پاشاکانەوە بەکاریگەری ئایین و خواوەندەکان.

## چوارەم: سیستەمی باج

دەرکەوتنی باج بە واتای زیادبونی پێداویستیەکانی تاک و کۆمەڵ و فراوانبونی چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتی و دەسەلات دێت ئەویش بەهۆی یەکگرتنی هۆزەکان و پاشان پێکهێنانی دەولەت، ئەوەی تێبینی کراوە لە شارستانییەتی عێراقی کۆندا یاسایی تایبەت بەباجیان (الضرائب) هەبوە و لەسەر مامەڵە بازرگانییەکان و کاروباری زەوی و کشتوکاڵییان داناوە، وەک ڕێگەیەک بۆ زیادکردنی داهاتی گشتی بەکاریانهێناوە (کلنغل، ٢٠١٢: ١٣٠)، بەپێی هەندێ ئاماژە یەکەمین شێوەی دانانی باج بریتیبوە لە باجی داهات کە بەشێوازێکی تایبەتی لەسەردەمی دەولەتی بابلیەکاندا سەریهەڵداوە، کەچی بەشێک لە توێژەران پێیان وایە یەکەمین باجی داهات دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانیەکان، دیارە ئەم بیروبۆچونە لاوازە بەوەی زیاتر توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن، کە دانانی باج دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان و کاریگەری بەرچاویشی هەبوە لەسەر داهاتی وڵات و تاوەکو ئێستاش ئەم جۆرە لە سیستەمی داراییدا پەیڕەودەکرێت (النجفي، ١٩٨٢: ٧٠).

شاری (نفر Niffar)[٦]، یەکێکبوە لەو شارانەی پێگەیەکی ئایینی بەرزی هەبوە و دانیشتوانەکەی لە باج بەخشراون، بەهۆی ئەوەی شارەکە مەڵبەندێکی ئایینی کاریگەربوە لە عێراقی کۆندا، بەلام دانیشتوانی شارەکە کاریان کردوە بۆ دابینکردنی پێداویستی خواوەندەکان و مەبەست لە داواکانیان ئەوەبوە خوداکان خێرو خۆشییان بۆ فەراهەم بکەن و بیانپارێزن (الحسیني، ٢٠٠٤: ٩٦)، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، پەرستگاکان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوە لە ژیانی دانیشتوانی عێراقیە کۆنەکاندا و خۆیان وەک نێوەندگیر بینیوە لە نێوان خودا و خەڵکدا بە ئامانجی بەدیهێنانی دادپەروەری لەناو کۆمەڵگەدا، دیارە سەرەتاکانی دەستپێکردنی بەڕێوەبردنی وڵات و کاروباری دادوەری و دارایی لەناو پەرستگاکاندا بەڕێوەدەچون، جگەلەوەی خەڵک چەندین جۆری بەروبومی ئاژەڵی و کشتوکاڵی بەشێوەی دیاری یان دەستبەسەرداگرتن، پێشکەش بە پەرستگاکانیان کردوە(باقر، ١٩٤٧: ١٢-١٣).

لەیاسای (لبت عشتار)دا ماددەی تایبەت بەباج و خاوەندارێتی موڵک هەبوە، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک بۆ ماوەی (٣)سال باجی نەدابێت و دیارنەبێت ئەوا موڵکەکەی دەبێت موڵکی ئەو کەسەی باجەکە دەدات (رشید، ١٩٧٣: ٤٢-٤٤)، جگە لەوەش لەیاساکانی شانشینی ئەشنۆنادا باس لە باج و سەپاندنی کراوە لەسەر لەبەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و هاوشێوەکانیان (النجفي، ١٩٨٢: ٦٨-٧٠).

لە نامەکانی حامورابیدا بەڕونی باس لەپلانی دارایی و ئابوری دەکات بەمەبەستی زیادکردنی داهاتی دەولەت، لەسەردەمی بابلی کۆندا ژمارەیەکی زۆر لەو نامانەی دۆزراوەتەوە باس لە داهاتی وڵات و سەپاندنی باج دراوە لەسەر بەروبومەکان وسزاش دیاریکراوە بۆ ئەوانەی باج نادەن، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، پاشا گرینگیەکی زۆری بەوەرگرتنی باج داوە و باجی لەسەر بەشێک لەکارەکان داناوە(کلنغل، ٢٠١٢: ١٣٨)، جگە

لەوەی لەمادده (٣٦)ی یاساکەیدا بەڕونی باس لە وەرگرتنی باج دەکات لەجوتیار و سەرباز و هەمو ئەوانەی یاسای باج دەیانگریتەوە، لەکاتی فرۆشتنی ماڵ و بێستانەکانیان (رشید، ١٩٧٣: ٩٥)، لەهەمو ئەو مادده یاسایانەی ئەو تایبەتن بەدارایی و ئابوری و داهات گرینگی بە وەرگرتنی باج داوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لێوەکردوە (رو، ١٩٨٦: ٢٧٣).

لە یاساکانی حامورابیدا چەندین ماددەی دیکە هەن باس لە دیاریکردنی سیستەمی وەرگرتنی باج و لێخۆشبونی ئەو کەسانە دەکەن، کە باج نایانگریتەوە یان لێخۆشبون لەو کەسانەی بەدەر لەویستی خۆیان ئەو باجەیان نەداوە، کە بەسەریاندا سەپێندراوە، هەروەها چەندین فەرمانی دەرکردوە بۆ ڕێگری کردن لەدوبارەبونەوەی باج لەماوەیەکی کەمدا و چارەسەرەکانی ئەو کێشەیە (النجفي، ١٩٨٢: ٦٨-٧٠؛ باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج١: ١٨٤).

لەشەنوکەوکردنی یاسا و ڕێنمایی و نامەکانەوە دەردەکەوێت سیستەمی باج یەکێکە لەو سیستەمانەی لەعێراقی کۆندا گرینگی زۆری پێدراوە، بەتایبەتی لەلایەن پەرستگاکانەوە، ئەویش بەوەرگرتنی بەشێک لەداهات هەوڵی زیادکردنی داهاتی پەرستگایان داوە، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر مادده یاساییەکان هەبوە، کە لەلایەن پاشاکانەوە دەرکراون، چەندین ماددەی یاسایی تایبەت بەو لایەنە هەبوە، بۆیە بەشێوازێکی زۆر ڕون کاریگەری ئایین لەسەر یاساکانی عێراقی کۆن دەردەکەوێت.

## باسی دوەم: ڕەنگدانەوەی ئایین لە یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا

بەشێوەیەکی گشتی لە هەزارەی سێیەمی پ.ز شارەکانی عێراقی کۆن بچوکبون و ژمارەی دانیشتوانیان کەمبون، پاشان بەهۆی ڕێکخستنی کارەکان و پێشکەوتنی خێرای ژیانەوە بەبەراورد بەسەردەمەکانی پێش نوسین گەورەبون، لە ئەنجامدا پەیوەندی نێوان تاکەکان بەرەو فراوانبون چون (سلیمان، ١٩٨٣: ١٨٥)، پێشکەوتنی بوارەکانی کۆمەڵایەتی خۆی دەبینیەوە لەدەرکەوتنی بیروباوەڕی ئایینی و برەوسەندنی دابونەریتەکانی کۆمەڵگا بەشێوەی گشتی و تایبەتی (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٧٢)، دیارە جیاوازییەکی وەها بەرچاو لەنێوان خێزانی کۆمەڵگای عێراقی کۆن و نوێدا لەڕوی ڕێکخستنی چینەکان و کۆیلەکان و ملکەچبون بۆ کۆمەڵێک نەریتی باوی کۆمەڵگادا؛ بونی نییە (الراوي، ١٩٨٥: ٣٧١).

دوای جێگیربونی دابونەریتە کارپێکراوەکانی کۆمەڵگا و دەرکەوتنی یاسا نوسراوەکان لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە، ژمارەیەک یاسا تایبەتمەندکران بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و جێگیرکردنی ماف و ئەرکەکانیان لەسەرجەم بوارەکاندا، لە نمونەی باری کەسێتی، کە خۆی دەبینێتەوە لە هاوسەرگیری و جیابونەوە و لەخۆگرتن و میرات و ناپاکی هاوسەرگیری و مافی دایک و باوک لەسەر منداڵەکان وچەندین دیاردەی دیکەی کۆمەڵایەتی (سلیمان، ١٩٨٣: ١٨٥-١٨٦)، هەمو ئەمانە لەیاسا عێراقیە کۆنەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و گرینگی پێدراوە، ئەمەو جگە لە بایەخدان بەشێوازی مارەبڕین و بۆنەکانی هاوسەرگیری و ڕێکخستنی ماڵەکان

لەو یاسایانەدا (الراوي، ١٩٨٥: ٣٧١)، پاشان هەر بەگوێرەی یاساكان شێوازی چینایەتی و دابەشكردنی كۆمەڵگا بۆ چەند چینێك بەپێی داهات و پێگەی ئایینی لە كۆمەڵگەدا ڕێكخراون (سليم، ٢٠٠٢: ٣٧٧).

لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە لە یاسا تۆماركراوەكانی عێراقی كۆندا دەردەكەوێت، یاساكان زیاتر بۆ نەهێشتنی كێشە و ئاڵۆزییەكان و ڕێكخستنی چینەكانبوە لە كۆمەڵگادا، هەندێك لەو یاسایانە لەسەر چەندین بنەما و پایەی دیاریكراو دانرابون، كە پاشتر لە كۆمەڵگا پێشكەوتوەكانی وەك یۆنانی و ڕۆمانیەكان ناسراوبون (سليمان، ١٩٨٣: ١٨٦)، دەركەوتنیشیان بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی و مامەڵەكان لە نێوان تاكەكەكاندا بوە و بەتایبەتی سەرهەڵدانی یاساكان لە (هەزارەی دوەمی پ.ز)دا بریتیبون یاسای سۆمەری، بابلی بۆ ئەو جۆرە لە ڕێكخستن دەركەوتن لە نمونەی یاساكانی (ئورنمو و لبت عشتار و ئەشنۆنا و حامورابی)، سەرجەمیشیان گرینگییان بە ژیانی كۆمەڵایەتی داوە لەكۆمەڵگادا (الطائي، ٢٠٠٧: ٢٦).

لە عێراقی كۆندا چەندین ماددەی یاسایی هەبوە بۆ ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی و چارەسەركردنی كێشە كۆمەڵایەتییەكان و هەمو ئەو گیروگرفتانەی لە كۆمەڵگادا بونیان هەبوە، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری بو لە نێوان دانیشتواندا بەبێ جیاوازی كە ویستی خواوەندەكان بوە.

## یەكەم: هاوسەرگیری

هاوسەرگیری خاڵی بەیەكگەیشتنی ژن و پیاوە و بنەمایەكی سەرەكییە بۆ دروستبونی خێزان و بنیاتنانی كۆمەڵگا، لەعێراقی كۆندا گرینگی زۆر بەو لایەنە دراوە بە ئامانجی خستنەوەی منداڵ، بۆ ڕێكخستنی ئەو لایەنە یاسای تایبەت بە هاوسەرگیری كردنیان داناوە، ئەمەش بنەمایەكی ئایینی هەبو لە كۆمەڵگای ئەو كاتدا و خۆی لە یەك هاوسەرییدا دەبینیەوە (سليمان، ١٩٨٣: ١٨٩)، جیاوازی دابونەریتەكانی هاوسەرگیری بەپێی كات و شوێن و كەسەكان جیاواز بوە و خۆی دەبینێتەوە لە مارەكردن و پێشكەشكردنی دیاری بە خێزانی بوك و گواستنەوەی بۆ ماڵی هاوسەرەكەی و ئاهەنگ گێڕان و چونە ناو ژیانی هاوسەریەتیەوە (حديد، ١٩٧١: ١٧١).

دیاریكردنی هاوسەر لەعێراقی كۆندا بەخواستی كچ نەبوە، بەڵكو بەگوێرەی دابونەریتە باوەكان ئەنجامدراوە لە نێوان كوڕ و باوكی كچدا و گرێبەستی هاوسەگیری بەڕەزامەندی هەردو خێزان نوسراوەتەوە، لەدوای گفتوگۆكردنی هەردولا و مارەبڕین، بەپێشكەشكردنی دیارییەك هاوسەرگیریەكەیان ڕادەگەیاند، ئامانجیش لەوە ڕێككەوتنی نێوان خێزانەكانی هەمان چین بوە لە كۆمەڵگادا (سليم، ٢٠٠٢: ٣٦٣)، پرۆسەی هاوسەرگیری بەپێی یاسا بریتییە لە نوسینی گرێبەستێك و ئامادەبونی گەواهیدەرو ڕەزامەندی دایك و باوك، ئەمەش بەڕونی لە ماددە یاساییەكانی عێراقی كۆندا باسی لێوەكراوە (سليمان، ١٩٨٣: ١٩٠)، هەروەك لە ماددە (١٢) یاسای ئور- نمو و ماددە (٢٩) یاسای لبت عشتار باس لە ڕێكارەكانی مارەبڕین و ئەو كارانەی پێویستە ئەنجامی بدەن و بەخشینی دیاری بەو كەسەی مارەیان دەكات (سليم، ٢٠٠٧: ٦٤)، لە یاساكانی شانشینی(ئەشنۆنا)دا باس لەمارەیی و هاوسەرگیری كراوە، بە شێوەیەك ئەگەر كەسێك هاوسەرگیری كردو پێش گواستنەوە یەكێكیان بمرن، ئەوا دەبێت شمەكەكان بگێڕێتەوە بۆ خانەوادەكە، بەڵام ئەگەر مردنەكە دوای

گواستنەوە بو، ئەوا دەبێتە موڵکی خۆی (رشيد، ١٩٧٣: ٦٤)، ئەوەی پەیوەندی هاوسەگیریەوە هەیە، لە پێدانی ماڵ و دیاری وەک مارەیی پێویستە کوڕ پێشکەشی کچ یاخود خێزانی کچەکەی بکات پێش هاوسەرگیریکردن، دەکرێت بە پارە یان ماڵ و کەلوپەل بێت (طالبي، ٢٠٠٣: ٤٨)، شایانی باسە، یاساکان بەهەمان شێوە هەوڵی چارەسەرکردنی هەمو ئەو کێشانەی داوە، کە پەیوەندییان بەهاوسەگیرییەوە هەیە، بەتایبەت لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە (سليم، ٢٠٠٧: ٥٣)، دابونەریتێکی دیکە ئەوەیە باوکی کچ لەکاتی مارەبڕیندا دیاریەک پێشکەش بەکچەکەی دەکات، جا دیارییەکە کەلوپەل یان زەوی کشتوکاڵی بوبێت (حسن، ٢٠٠١، ١١٠).

یاساکانی عێراقی کۆن سزای یاسایی بۆ ناپاکی هاوسەرگیری هەردولا دانراوە، ئەوەش لەسەر بنەمایەکی ئایینی بو، بەوەی کاری خراپ کاریگەری لەسەر ژیانی دوای مردن هەیە، جگەلەوەش دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی کاری بەدڕەوشتی لە کۆمەڵگادا و تاوەکو لەڕێگەی ئەو سزا یاساییانەوە بتوانن ڕێگری لێبکەن (سليمان، ١٩٨٣: ١٩٠)، جگەلەوەش لە زۆربەی یاساکاندا پرسی جیابونەوەی نێوان هاوسەرەکان باسی لێوەکراوە و بەمافێکی بنەڕەتی هەردولا دانراوە، بەڵام بەپێی مادده یاساییەکان هۆکارە سەرەکیەکان لەجیابونەوەدا سنوردارکراوە (حسن، ٢٠٠١، ١٤٣)، مافی جیابونەوە لە دەستی پیاودا بوە و لە کاتی جیابونەوە لەسەری پێویستبوە بڕێک لە ماڵ و سامان بە ژنەکەی ببەخشێت، بەڵام ئەگەر بەهۆی ناپاکی هاوسەرییەوە بوبێت ئەوا ژن مافی وەرگرتنی ماڵ و سامانی نەبوە (سليم، ٢٠٠٢: ٣٦٣).

ئەوەی پەیوەندی بە فرەژنییەوە هەیە دیاردەیەکی دەگمەن بوە و لەدەقە یاسایە کۆنەکانی عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، لە بارودۆخێکی تایبەتدا نەبوبێت ڕێگەنەدراوە، پیاو هاوسەرگیری دوەم ئەنجامبدات مەگەر تەنیا لە کاتی نەخۆشی یاخود نەبونی منداڵ یان لە کەموکورتی دیکەدا بوبێت (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٨٢)، وەک ئەوەی لە مادده یاساییەکانی (ئور-نمو) و (لبت عشتار)دا بەڕونی باس لە مەرجەکانی هەڵوەشاندنەوەی مارەیی و مافی هاوسەریەتی و ئەرکەکان کراوە، ئەمە جگە لە باسکردنی مافەکانی هاوسەری یەکەم و دوەم ئەنجامدانی هاوسەرگیری دوەم، و مردنی هاوسەری یەکەم و دوبارە هاوسەرگیری کردنەوەی مێردەکەی و نیشتەجێکردنی منداڵەکانی لەماڵی خۆیدا (محمد، ٢٠١١: ١٢٧-١٢٨)، هەروەها لە مادده (١٤٨) یاسای حامورابیدا هاتوە کاتێ پیاو هاوسەگیری دوەم دەکات، ئەگەر دەرکەوت هاوسەری یەکەمی کەم و کورتیەکی هەیە، دیارە ئەمەش بنەمایەکی ئایینی هەبوە چونکە لەو سەردەمەدا لەڕوی ئایینیەوە بەپیرۆز تەماشای ئافرەتیان کردوە (رشيد، ١٩٧٣: ١١٦)، لە ماددەکانی (٢٥ تا ٤٦) یاسای ئاشوردا تایبەتن بەباری کەسێتی (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ١٠٥)، و باس لە هێنانی ژنی دوەم و مافەکانی منداڵ و ئەو ژنانەی هاوسەریان مردوە و مافی شوکردنەوەیان دەکات (صالح، ٢٠٠٤: ٧٦٦).

لەسەر باوکی کوڕ پێویستە پێداویستی هاوسەرگیری کورەکەی لەئەستۆبگرێت و دیاری تایبەت پێشکەش بەبوک بکات، ئەرکەکان لە پێشکەشکردنی دیاری بۆ منداڵەکانی جا کوڕ بێت یان کچ لەسەر باوکە لە پێش دابەشکردنی میرات، وەک لە سەرەتاوە باسکرا مەبەستی سەرەکی لە هاوسەرگیری خستنەوەی منداڵە و ئەگەر بێت و لە بنەما سەرەکیەکەی لابدات بە بەتاڵ و هەڵوەشاوە ئەژماردەکرێت (سليمان، ١٩٨٣: ١٩٠)، ڕێوڕەسمەکانی مارەبڕین لەو سەردەمەدا بریتیبوە لەئەنجامدانی ئاهەنگێکی خێزانی و پێشکەشکردنی دیاری بەردەوام، پێویست

بو بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێشکەشکردنی دیاری لەلایەن پیاو بۆ خێزانی هاوسەرەکەی و پێشکەشکردنی دیاری لەلایەن خێزانی کچ بۆ زاوا لەبەرامبەر ئەو کارانەی کردوەیەتی بەردەوام بن (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٨٢).

کەواتە پرۆسەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان لە عێراقی کۆندا گرینگی زۆری پێدراوەو چەندین ماددەی یاسایی تایبەت بەو پرۆسەیەو ڕێوڕەسمی شایستەی بۆ ئەنجامدراوە هاوسەرگیری مامەڵەی نێوان هاوسەرەکانیش بایەخی پێدراوە، هەروەها لەڕوی بیروباوەڕی ئایینیەوە بایەخ بە ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز دراوە و زیاتر لە کۆتاییەکانی ساڵدا پرۆسەکەیان بەڕێوەبردوە، و دەرچواندنی ئەو مادده یاساییانەش بۆ ڕێکخستنی ژیانی خێزانی و هاوسەرەکان کە خۆی لەخۆیدا بنەمایەکی ئایینی پیرۆزی هەبوە لە بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

## دووەم: خێزان

خێزان بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دروستبونی کۆمەڵگا دادەنرێت و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی بەرچاویشی لەسەر دروست دەکات، بەجۆرێک باشی و خراپی خێزانەکان هەمان واتای بۆ چۆنیەتی (باشی یان خراپی) کۆمەڵگاکە هەیە، چۆنیەتی ڕێکخستنەکەشی بۆ دام و دەزگاکانی وڵات بەگشتی بەندە بە پەروەردەی خیزانەکانەوە (سليمان، ١٩٨٣: ١٨٨)، مێژوی عێراقی کۆن ئاماژەی زۆری تێدایە دەربارەی کاری فەرمانڕەواو دادوەرەکان بۆ ڕێکخستنی خێزانەکان، ئەویش لە ڕێگەی گرنگیدان بە پەیوەندی تاکەکانی نێو خێزان و بەدەرچواندنی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەو بوارە (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٨٠)، هەروەها زۆربەی دەقە ئایینی و یاساییەکان بایەخیان بە خێزان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان داوە و ئەمەش لەو دەقانەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک لە دەقە مێخیەکاندا ڕونبۆتەوە ژمارەیەکی زۆر گرێبەستی یاسایی پەیوەندیدارە بە دروستبون و ڕێکخستنی خێزان هەیە لە عێراقی کۆندا (الهاشمي، ١٩٨٥: ٨٦).

سیستەمی خێزانی لە عێراقی کۆندا بریتیبوە لە باوک سالاری، بەواتای باوک سەرۆکی خێزان بوە لە شێوەی پاشای وڵاتدا، بەرپرسیش بوە لە هەمو تاکەکانی خێزان، هەروەها بۆی هەبوە سزای هەر یەکێکیان بدات ئەگەر تاوانێکیان ئەنجام بدایە (الطائي، ٢٠٠٧: ٢٨)، جگەلەوەش چەندین فەرمان و ئامۆژگاری تایبەتی بە ژن و منداڵەکانی کردوە و ئاڕاستەیکردون بۆ کاری باشە و کشتوکاڵ کردن و شوانکارەیی (سليم، ٢٠٠٢: ٣٢٥-٣٢٦).

لە بەڵگەنامە یاساییەکاندا باس گواستنەوەی دەسەڵاتی خێزان لە باوکەوە بۆ کوڕ کراوە، ئەمەو جگە لە باسکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەی پەیوەندی بە خێزانەکانەوە هەیە لە عێراقی کۆندا (اوپنهايم، ١٩٨١: ٩٥)، ئامانج لەمانەش ڕێکخستنی پەیوەندی و بنەماکانی باری کەسێتی و دەستنیشانکردنی ئەو کێشانەیە کە پەیوەندی بە خێزان و کۆمەڵگاوە هەیە و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان دروست دەکەن (الهاشمي، ١٩٨٥: ٨٦)، کۆمەڵێک لە فەرمان و ئامۆژگارییەکان پەیوەندییان هەیە بەزانینی سروشتی خێزان و پەیوەندییەکانیان، جگە دەسەڵات و سنورەکانیان و قەبارەی خێزان و دیاریکردنی هەڵسوکەوت و پەیوەندی تاکەکان لە نێوان گەورە و بچوکدا (سليم، ٢٠٠٧: ١٢٤-١٢٥)، لە بەڵگەنامەکاندا بەڕونی دەردەکەوێت باوک حەزی

کردوە منداڵی یەکەمی کوڕ بێت بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری و نازناوی باوک و خێزان بپارێزێت و یارمەتیدەری بێت لە ئیش و کاردا (الطائي، ٢٠٠٧: ٢٩).

پێکهاتەی خێزانی کۆن بریتیبوە لە ژن و پیاو و منداڵەکان و خوشک و براکانی و هەندێک جاریش باوکیان لەگەڵیاندا ژیاوە و زۆربەی جار هەمو بنەماڵەکە بە کۆیلەکانیشەوە لە یەک ماڵدا ژیاون، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی خێزانەکانی ئەوکاتە زۆربوە و خواستیان بوە زۆربەی منداڵەکانیان کوڕ بێت (سليمان، ١٩٨٣: ١٨٨)، باوک بەرپرسە لە دابینکردنی ماڵ و شوێنی نیشتەجێبون و کارکردن و خواردن و یارمەتیدانی منداڵەکانی تا تەمەنی پێگەیشتو، ڕێزگرتنی باوک پێویستە لەسەر تاکەکانی خێزان و دایک بەپلەی دوەم دێت لە دوای باوک بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی ماڵ و دروستکردنی خواردن و پەروەردەکردنی منداڵ و دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکان و ماف و ئەرکی بەسەر هاوسەر و منداڵەکانیەوە هەیە و دەتوانێت کەسایەتیەکی دارایی سەربەخۆی هەبێت لەخاوەنداریەتی کردنی موڵک و زەوی و کەلوپەلەکانی دیکەدا، ڕێزگرتنی ئافرەت لەلایەن هاوسەرو منالەکانەوە بۆ هۆکاری ئایینی دەگەڕایەوە، چونکە لە پێشوتردا وەک خواوەند سەیری ئافرەتیان کردوە و چەندین پەیکەریان بۆ دروستکردوە (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٨١).

لە یاساکانی شانشینی (ئەشنۆنا)شدا مادەی تایبەت هەیە بە بابەتەکانی باری کەسێتی و هاوسەرگیری کردن و ڕێکخستنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵەکان و لەخۆگرتنی منداڵانی بێ دایک و باوک و دەست درێژیکردن (المؤلفين، ٢٠٠٨: ١٥٣)، وەک پێشتر باسی لێوە کرا لە یاسای (حامورابی)دا و بە تایبەتی ماددەکانی (١٢٧ تا ١٩٤) تایبەتن بەیاسای باری کەسێتی لەنمونەی هاوسەرگیری و جیابونەوە و مافەکانی ژن و تاوانی بەدڕەوشتی (الحمداني، ١٩٨٩: ٢٩)، باس لەوە دەکات پیاو مافی ئەوەی هەیە ژنەکەی بە مردن سزا بدات، ئەگەر بێت و لەکاتی ناپاکیدا بیبینێت (دلو، ١٩٨٩: ٤٣٢-٤٣٣).

کەواتە خێزان لەعێراقی کۆندا گرینگی زۆری پێدراوە بەهۆی ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوە لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ژیان، و بیروباوەڕی ئایینیش بایەخی پێداوە، بەجۆرێک لە مادده یاساییەکاندا سزای قورس بۆ هەر خێزانێک دانراوە، کە کاری بەدڕەوشتی کردوە و بۆتە هۆی تێکدانی ئارامی کۆمەڵگا.

## سێیەم: میرات

میرات بەشێکی دیکەیە لە یاساکانی باری کەسێتی و یەکێکە لەو بابەتە گرینگانەی لە یاساکانی عێراقدا باسی لێوەکراوە (الهاشمي، ١٩٨٥: ٩٦)، یاساکانی عێراقی کۆن بایەخی بەرچاویان داوە بە میرات و دابەشکردنی ماڵ و سامان و دیاریکردنی میراتگرەکان، ئەو موڵکەی وەک میرات ماوەتەوە و دەستنیشانکردنی بەشی هەر یەک لە میراتگرەکان، هەروەها فرەژنی و لەخۆگرتن و کاریگەرییەکانی لەسەر میرات (سليم، ٢٠٠٧: ١١٢)، دیارە لەلای عیراقییە کۆنەکان سێ جۆر موڵک هەبون بۆ میراتی، یەکەمیان ئەو موڵکانە بون نەدەگوازرانەوە لە نمونەی زەوییەکان و شوێنی نیشتەجێبون و باخچەکان، دوەمیان ئەو کەلوپەلانەی دەگوازرانەوە، وەک کەلوپەلەکانی ماڵ و جل و بەرگ و پارە و کەرەستەی جوانکاری (الهاشمي، ١٩٨٥: ٩٨)، کۆتا میراتیش بریتیبون لە مافە داراییەکان، لە نمونەی کەلوپەلی گوازراوەی وەک مافی سەرۆکی خێزان لە بەشداریکردنی کارە بازرگانی و

وەرگرتنەوەی ئەو کەلوپەلانەی بە قەرز دراون، ئەمانە بەڕونی لە یاسا تۆمارکراوەکانی عێراقی کۆندا باسیان لێوەکراوە و گرینگی زۆریان پێدراوە (سلیم، ٢٠٠٢: ٣١٣).

دیاردەی منداڵی لەخۆگیراو (التبنی) لە یاساکانی عێراقی کۆندا وەک پێویستییەک لە پێویستییەکانی کۆمەڵگا باسکراوە و ئەو منداڵەی بەخێودەکرێت دەبێتە منداڵی خێزانەکە و کەسی لەخۆگر ژمارەیەک منداڵی کوڕ یان کچی دیکەی هەیە، ئەمەش بەپێی گرێبەستێکی نوسراو دەبێت و مەرجدارە و هەردو لایەن ئەرک و مافیان بەرامبەر بەیەکتر هەیە (سلیمان، ١٩٨٣: ١٨٨)، لەدوای مردنی باوک دابەشکردنی ماڵ و سامانەکەی لە نێوان منداڵی ڕاستەقینە و منداڵی لەخۆگرتو، کە باوک بەخێویکردبێت و لە ماڵی خۆی داینابێت و جیاوازی نییە لە نێوانیاندا لە کاتی دابەشکردنی میراتدا، بەڵام سەبارەت بە کچ هیچ مافێکی میراتی بۆ دانەنراوە، بەڵکو تەنیا ئەو دیاریانە وەردەگرێت، کە لە کاتی هاوسەرگیری کردنی پێیدەبەخشرێت (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج٢: ٨١)، کوڕی گەورە هەندێ مافی تایبەتی هەیە و دەتوانێت بەشی خۆی دیاری بکات و هەندێک بەشی زیاتری هەیە، لەوانی دیکە، چونکە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەسەرە وەک پێشوازیکردن و بەڕێوەبردنی میوانداری و بەرپرسە لەچاودێریکردنی خوشک وبرا بچوکەکان و بەخێوکردنیان (الهاشمي، ١٩٨٥: ٩٨).

یاساکانی (لبت عشتار)یش باس لە دابەشکردنی میرات دەکات لە نێوان منداڵ و میراتگرەکاندا (رشید، ١٩٧٣: ٤٤)، بەهەمان شێوە لەیاساکانی حامورابیدا چەندین ماددەی تایبەت هەیە بەچارەسەر کردنی دابەشکردنی میرات، سەرجەم لایەنەکانی ڕونکردۆتەوەو بەڕونی باسی لەبەشی هەریەک لە میراتگرەکانی کردوە بەکوڕ و کچ و ئەو منداڵانەی لەخۆگیراون (الهاشمي، ١٩٨٥: ٩٧)، لەکاتی دابەشکردنی میرات لە نێوان براکاندا یەکەم جار برا گەورە مافی هەڵبژاردنی بەشی خۆی هەیە و دواتر براکانی دیکە بەشەکانی دیاریدەکرێت بەشێوازی تیر وپشک یان بە هەڵبژاردن، بەڵام ئەگەر یەکێک لە براکان پێش دابەشکردنی میرات کەسێکی کوشت ئەوا بەشە میراتیەکەی دەدرێت بە ماڵی کوژراوەکە و ئەگەریش لێیخۆشبون، ئەوا بەشە میراتەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوەش بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشەی و ئاژاوە لەکۆمەڵگادا یان بەهۆکاری ئایینیش بۆ کەمکردنەوەی کێشە و ئاژاوە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا و وەرگرتنی لێخۆشبون تا ئەوەی لە ژیانی دوای مردن سزا نەدرێت، کە لێرەدا زۆر بەڕونی کاریگەری ئایین بەدیاردەکەوێت لەسەر ئەو یاسانەی عێراقی کۆن (سلیم، ٢٠٠٧: ١١٤)، لەو کاتەی یەکێک لە منداڵەکانی دەمرێت، بەڵام منداڵ لەدوای جێدەمێنێت ئەوا ئەو منداڵەی باوکی مردوە مافی وەرگرتنی میراتی باوکی هەیە، لە ماڵی باپیری بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر کەسێک مارەیی یان دیاری نەدابو بەهاوسەرەکەی ئەوا لە دوای مردنی لە کاتی دابەشکردنی میراتدا بەشێک لە میراتی پێدەدرێت کە یەکسانە بەبەشی یەکێک لە کوڕەکان (سلیم، ٢٠٠٢: ٣١٨-٣١٩).

لەکۆتایدا دەکرێ بوترێت میرات لایەنێکی دیکەیە لەو لایەنانەی لەعێراقی کۆندا گرینگی پێدراوە بەتایبەت ڕوی یاسایی و ئایینیەوە بۆ چاسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە لەنێوان خێزانەکان ڕویدەدا، پێویستبو باوک بەشێوەیەکی دادپەروەرانە میرات دابەشبکات بەسەر منداڵەکانیدا، یا لەکاتی مردنی باوک لەسەر برا گەورە بو دادپەروەربێت لەدابەشکردنی میراتدا، ئەوەش بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بو لەکۆمەڵگادا، هەروەها منداڵی لەخۆگرتو بەپێی یاسا مافی وەرگرتنی میراتی هەبو.

## باسی سێیەم: سیستەمی کارگێڕی و سیاسی و سەربازی

سیستەمی کارگێڕی و سیاسی هەر لەگەڵ دروستبونی سیستەمی دەوڵەتە شارەکانەوە سەریهەڵداوە و سەربەخۆبون لەڕوی بەڕێوەبردن و سنورێکی دیاریکراویان هەبوە بەگوێرەی کۆمەڵێک دابونەریت یان یاسا ڕێکخراوبون و بەیەکەمین سیستەمی سیاسی ناسراو دادەنرێت لە مێژودا، هەریەکێک لەو دەوڵەتە شارانە ناوەندێکی سیاسی و ئابوری و ئایینی و سەربازی هەبوە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە و چەندین گوند و شاری دیکە سەر بەو شارەبون لە سەرجەم ڕوەکانەوە (رشيد، ٢٠٠٤، ١٠٣)، سیستەمی دەوڵەتەشار کۆنترین سیستەمی سیاسیە لەجیهاندا پێدەچێت هۆکاری دروستبونی ئەو سیستەمە لەوڵاتی سۆمەردا لایەنی جوگرافیا بوبێت بۆ دەستگرتن بەسەر جوڵانەوە بازرگانییەکان و دروستکردنی جۆگای ئاودێری، ئەمەش پێویستی بەدەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز هەبوە تاکو بتوانن دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن و زۆرترین زەوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، پاشان ئەم جۆرە لە سیستەمی حوکمڕانی گەشەیکردوە و چەندین دەوڵەت و شارستانیەتی بەرچاو لەناوچەکانی عێراقی کۆن دروستبون بەتایبەتی سۆمەری وئەکەدی و بابلی و ئاشوری لێرەدا مەبەستمانە باسیان لێوە بکرێت (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج١: ١١٢).

## یەکەم: سیستەمی کارگێڕی و سیاسی

سیستەمی حوکمڕانی و شێوازی بەڕێوەبردنی شار و وڵاتەکان لەسەرەتادا یەک جۆر سیستەمی بەڕێوەبردنیان هەبوە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا، دەرکەوتنی یەکەمین سیستەمی حوکمڕانی لەعێراقی کۆندا لە ناوچەکانی باشور لەناو پەرستگاکاندا بوە، بەگوێرەی ئەو دەقە مێخیانەی لەبەردەستن دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەردەمە، ئەم جۆرەی حوکمڕانی لە چیرۆک و ئەفسانەکانی عێراقی کۆندا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ باسی لێوەکراوە (سليمان، ١٩٩٣: ١٧)، پێشکەوتنی سیستەمی حوکمڕانی لەو سەردەمەدا بوە هۆی پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان تاکەکان و خێزانەکان لە کۆمەڵگادا و زیادبونی نەریتی ئایینی و پەرستشەکان و ڕێکخستنی سەرجەم لایەنەکانی بەڕێوەبردن، ئەوەش یەکێکبو لە تایبەتمەندییەکانی پێشکەوتنی شارستانیەت لەعێراقی کۆن لە لایەک و دەرکەوتنی کاریگەری ئایینی لەسەر سەرجەم لایەنەکانی ئەم شارستانیەتە لەلایەکی دیکەوە (البدراوي، ١٩٨٥: ٢٨٩).

لەسەرەتای سیستەمی حوکمڕانیدا پیاوانی ئایینی فەرمانڕەوای وڵاتبون (صالح، دون تاريخ: ٦٢)، بیروباوەڕی عێراقیە کۆنەکان دەربارەی خواوەندەکان و هەڵبژاردنی پاشاکان لەلایەن خواوەندەکان بوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لەسەر زەوی (رشيد، ١٩٧٣: ٨)، بەمانایەکی دیکە هەڵبژاردنی تاکە کەسێکە بۆ ئەوەی ببێت نوێنەر وجێگرەوەی خواوەندەکان لەسەر زەوی (سليمان، ١٩٨٣: ١٨٣)، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی پاشاکان خۆیان بگێڕنەوە بۆ کوڕ یان نەوەی خواوەندەکان بەتایبەت پاشا (ئورنمو) کە خۆی بەکوڕی خواوەندی مانگ داناوە و (لبت عشتار) خۆی بە کوڕی خواوەند انليل داناوە و فەرمانی خواوەندیان جێبەجێکردوە (الأحمد، ١٩٨٥: ١١)، هەروەها سەرەتای نوسینەوەی یاساکان لەلایەن ئەو پاشایانەوە بەڕەزامەندی خواوەندەکان بوە (صالح، ٢٠٠٤: ٦٥٢)، جگەلەوەش پاشاکانی سۆمەری نازناوی ئایینیان بۆ خۆیان داناوە، کە بەمانای نوێنەری

خواوەندەكان هاتوە لەسەر زەوی بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایەتیكردن، بەردەوامبونی دەسەڵاتی خواوەندەكان لەشارەكاندا بەمانای نوێنەری خواوەندەكان دێت لەسەرەتادا لەپەرستگاكانەوە حوكمڕانییان كردوە (عصفور، دون تاريخ: ١٩٩).

سیستەمی پاشایەتی لەو سەردەمەدا پشتاوپشت بوە و مافی كوڕی گەورەبوە جێگەی باوكی بگرێتەوە و ببێتە فەرمانڕەوا، ئەو دەسەڵاتە لەلایەن كەسێكی خێزانی پاشاوە قۆرخكراوە بەهۆی ئەوەی كوڕی پاشا هەڵبژێردراوە لەلایەن خواوەندەكان (زودن، ٢٠٠٣: ٧٣)، بەڵام لەهەندێك كاتدا كوڕی بچوكیش مافی بون بە پاشا و جێگرەوەی باوكی بو، ئەمەش لەكۆبونەوەیەكی شێوە ئاهەنگیدا ڕێكدەخرا و پاش هەڵبژاردنی پەیمان لەدارو دەستەی پاشا وەردەگیراوە و وەك پاشا سەیری بكەن (سليمان و الفتيان، ١٩٧٨: ١٨٠-١٨١)، ئەو سیستەمە لە شارستانییەتەكانی عێراقی كۆندا كاری پێكراوە تاوەكو كۆتایی مێژوی كۆن، بیروباوەڕی پاشاكان وابوە ئەو سیستەمە پیرۆزە و لەلایەن خواوەندەكانەوە بڕیاری لێدراوە و بۆیان دانراوە، پێویستە پەیڕەوییكەن بۆئەوەی لە خزمەت خواوەندەكان بن(سليمان، ١٩٨٣: ١٨٣)، لە عێراقی كۆندا سیستەمی حوكمڕانی سیستەمی بەڕێوەبردنی خواوەندەكان بوە كە لە بوارەكانی ئابوری و كۆمەڵایەتییدا بەڕونی ڕەنگدانەوەی هەبوە (الطائي، ٢٠٠٧: ٦٨).

یەكێك لەلایەنە باشەكانی شارستانیەتی عێراقی كۆن ڕێزگرتنی پاشاكان بوە لە یاساكان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی یاساكان بنەمایەكی ئایینیان هەبوە، لەو بەڵگەنامە مێخیانەی لەبەردەستدان بەدیاردەكەوێت كە پەیوەندییان بە گرێبەستە جیاوازەكانەوە دەردەخات لە ناساندنی بیری تایبەت وەك پێداویستیەك كە لەلایەن پاشاكانەوە نوسراونەتەوە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری (ساكز، ١٩٧٩: ٢٢٠)، هەروەها پاشاكان بەشێوەی ڕاوێژكاری لەگەڵ خواوەندەكاندا فەرمانڕەوایەتی وڵاتیان كردوە و ئەركیان پاراستنی خەڵك و وڵات و سەركردایەتی سوپا و بڵاوكردنەوەی دادپەروەری بوە و هۆكارێك بون بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی لە وڵاتدا (عصفور، دون تاريخ: ٢٠٠)، هەر بۆیە بەڕونی لە سیستەمی سیاسی و حوكمڕانی پاشاكانی عێراقی كۆندا ڕەنگیداوەتەوە، جگەلەوەی پاشاكان لە بەكارهێنانی هێزو فراوانخوازیەكانیاندا هەستیان بە بەرپرسیاریەتی ئایینی كردوە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان بەبێ جیاوازیكردن لە نێوان چینەكانی كۆمەڵگادا (زودن، ٢٠٠٣: ٧٥).

پاشا لە یەك كاتدا كاهینی گەورە و فەرمانڕەوای وڵات بو، لەكاتی جەنگ و ئاشتیدا و هەر مەترسیەك ڕوبەڕوی پاشا بوبایەوە مانای بونی مەترسی بو بۆ سەر ئاسایشی گشتی و هێمنی وڵات (سليمان، ١٩٩٣: ٣٢)، لەو كاتانەی هەستیان بە مەترسی بكردایە بۆ سەر ژیانی پاشا هەستاون بە دانانی پاشای جێگرەوە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، ئەم جێگرەوەیە سەرجەم دەسەڵات و تایبەتمەندی پاشای ڕاستەقینەی هەبوە و ئەركەكانی بەجێگەیاندوە و كۆشكێكی تایبەتیان بۆ داناوە و جگە لە هەبونی هەندێك پیرۆزی ئایینی، ئەمەش لە سەردەمەكانی ئاشوری و بابلیدا پەیڕەوكراوە، دوای تەواوبونی مەترسی لەسەر پاشای ڕاستەقینە هەستاون بە كوشتنی پاشای جێگرەوە (سليمان و الفتيان، ١٩٧٨: ١٨٢)، دروستبونی بیری سیاسی لە عێراقی كۆن و جێبەجێكردنی لەسەر زەوی لەلایەن مرۆڤەكانەوە لە دوای دەسەڵاتی خواوەندەكان، بۆ ئەو بیروباوەڕە دەگەڕایەوە، كە دەسەڵات شوێنكەوتەیەكی پیرۆزی هەیە و پەیوەندی بە سروشتی هێزی خواوەندەكانەوە هەیە (الطعان، ١٩٨١: ٣٨٥).

یاساکانی عێراقی کۆن وەک هۆکارێکی شارستانیەتین بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەڕوی سیاسیەوە و چەسپاندنی ماف و ئەرکەکان لە بوارەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی ئابوری و سیاسییەکان، ئەویش لەسەر بنەمای ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان خەڵک و فەرمانڕەواکان لە شێوەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیدا، بە تێڕوانین لە سەرجەم یاساکان ئەوە بەدیدەکرێت دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەوڵاتدا لەسەر بنەمای ئایینیبوە و خواوەندەکان فەرمانڕەوەکانیان دیاریکردوە و بەنوێنەری خۆیانیان داناون (رشید، ٢٠٠٤: ١١٧)، پاشاکان لە عێراقی کۆندا ئەرکێکی زۆریان لەسەربوە بەرامبەر بەوڵات لەڕوی ئایینی و دونیایەوە، ئەرکەکانی پاشا لە ڕوی ئایینیەوە وەک کاهینی گەورەی خواوەندەکان بون لە وڵاتدا بەرپرس بوە لە پشودانی خواوەندەکان و جێبەجێکردنی بۆنە و ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و ئەنجامدانی هاوسەرگیری پیرۆز (سليمان و الفتيان، ١٩٧٨: ١٨٢)، و سەرۆکی پیاوانی ئایینی بوە و بەرپرس بوە لە دامەزراندن و دیاریکردنی ئەرکەکانیان و بەرپرسیاربون لەبەردەم خواوەندەکان لەهەڵسوکەوتی مرۆڤەکان و کارەکانیان بەهۆی ئەوەی پاشا وەک پردێکی پەیوەندی بو لە نێوان خواوەندەکان و مرۆڤدا، دیاریکردنی سزای نوێژ و قوربانیکردن لەیاساکانی عێراقی کۆندا بۆ هەندێک لەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە دیاریکراوە (سليم، ٢٠٠٧: ١٩٩)، ئەوەی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنەوە هەیە لەسەردەمە جیاوازەکاندا و جیاوازیەکی گەورە هەبوە لەجێبەجێکردنی و چارەسەرکردنی بابەتەکان و تایبەتمەندییەکانی لەگەشەسەندنی بەڕێوەبردن لەقۆناغەکانی دواتردا بەتایبەت لەسەردەمی ئاشورییەکان، ئەمەش بەهۆی بەرەوپێشچونی سیستەمی سیاسی بو لەڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا بەگشتی (ساكز، ١٩٧٩: ٢٧٣).

ئاهەنگی هەڵبژاردنی پاشا جۆرێکی دیکە بو، لە دەقە یاساییەکاندا بنەمایەکی دەستوری هەبوە، مەبەست لەو بۆنەیە دەرکردنی کۆمەڵێک فەرمان و ڕێنمایی و ڕێکارە لەلایەن پاشاوە بڕیاری لێوەدەدرا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و ئەو تەنگەژانەی ڕوبەڕوی وڵات دەبونەوە و پێویستیان بە چارەسەرکردنێکی خێرا هەبوە، هەمو ئەمانە لە شێوەی هەندێک بنەمای یاسایی چالاکدا ڕێکخراوبون، و لە ئاهەنگی هەڵبژاردنی پاشادا بڵاودەکرانەوە (سليمان، ١٩٩٣: ١٩٥)، بەڵام لە سیستەمی دانانی پاشای جێنشینی ئاشورییەکان، ئاهەنگێکی گەورە لەشاری ئاشور ڕێکدەخرا، لەوێ پیاوی ئایینی پاشای جێنشینی دەبردە ئاشور و بۆنەیەکی ئایینی گەورەی بۆ دەگێڕا (سليمان و الفتيان، ١٩٧٨: ١٨١).

وەک بۆمان دەرکەوت ئایین کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر سیستەمی سیاسی و کارگێڕی لە عێراقی کۆندا، بە جۆرێک کاریگەرییەکە ڕەنگدانەوەی بەهێزی هەبوە لەسەر هەڵسوکەوت و کاری پاشا و فەرمانڕەواکان، بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر ئەو دەقە یاسایانەی لەلایەن پاشاکانەوە دەرکراوە، کە زیاتر بۆ بە دیهێنانی ویستی خواوەندەکان بوە لەسەر زەوی و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر خواوەندەکان.

## دوەم: سیستەمی سەربازی

لە سەرەتادا یاسا سروشتیەکان ڕێگەینەداوە مرۆڤەکان دەستدرێژی بکەنە سەر یەکتر و لە یاساکان دەربچن، پاشان یاساکان لەگەڵ بەرەوپێشچونی مرۆڤ و زیادبونی پێداویستیەکانی، پێویستی بەخۆپاراستن بوە لە دیاردە سروشتی و ئاژەڵە دڕندەکان لەبەرئەوە هەوڵی بەرهەمهێنانی چەکیداوە (رشيد، ١٩٨٥: ٣٩)،

دروستبونی سوپا و چەک لە مێژوی سەرجەم وڵاتانی کۆن و نوێ بەپێی جیاوازی وڵات و هەرێمەکانیان بۆ خۆپاراستنبوە لە مەترسییە دەرەکیەکان کە ڕوبەڕویان بۆتەوە و کاری کردۆتە سەر ئارامی ئاسایشی وڵات، بۆیە سوپا گرینگی خۆی هەبوە بۆ دەوڵەت و پاشاکان کە لە عێراقدا ژیاون لەسەردەمە کۆنەکاندا (سلیمان، ١٩٩٣: ٨٢)، سەرەتای دروستبونی سوپا لە عێرقی کۆندا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتە شارەکان (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج١: ١١٢)، کە یەکێکە لە گرینگترین سیستەمەکانی کۆمەڵگا لەعێراقی کۆندا بەهۆی دروست بونی ناکۆکی لە نێوانیاندا بیریان لە دامەزراندن کردۆتەوە کە یەکەمین سوپای نیزامی بوە (سلیم، ٢٠٠٧: ٢١٣)، بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی کشتوکاڵی و ڕێگە بازرگانییەکان، ئەمەش وایکرد ئەو دەوڵەتە شارانە بیر لە پێکهێنانی هێزێکی سەربازی بکەنەوە بەمەبەستی خۆپاراستنیان لەمەترسی و هێرشی دەوڵەتە شارەکانی دراوسێیان (باقر وآخرون، ١٩٨٠/ج١: ١١٢).

بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان (ئایینی و دونیایی)، پاشاکان هەوڵی دروستکردنی چەند یەکەیەکی پاسەوانی و سەربازیانداوە، ئەوە جگە لە پاراستنی وڵات لە کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان کە ڕوبەڕوی وڵات دەبونەوە (صالح، دون تاریخ: ٦٧)، لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە دەسەڵاتی دەوڵەتە شارەکانی سۆمەری کراوە، ڕۆڵی سەرکردە سەربازییەکانی لە گواستنەوەی دەوڵەتە شارەکان بۆ دامەزراوەیەکی هەمیشەیی لەژێر دەسەڵاتی پاشادا دەردەکەوێت، هەروەها باس لە ناکۆکی نێوان حاکمی شارەکان و خێزانی فەرمانڕەواکان کراوە، ئەمە جگە لە خواستیان بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی عێراقی کۆندا (فرزات ومرعي، ١٩٩٤: ٨٤)، پاشان چەندین دەوڵەتی بەهێز دروستبون لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقی کۆن، کە هەوڵی فراوانکردنی ناوچەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی ڕێگە بازرگانیە نوێیەکان و پاراستنیان دەدا، لە نمونەی دەوڵەتەکانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوری، هەربۆیە بیریان لە دامەزراندنی هێزێکی سەربازی تۆکمە و مەشق پێکراو کردۆتەوە (الحمداني، ١٩٨٩: ١٤٦-١٤٧)، دامەزراندنی ئەو هێزانەش وایکردوە چەندین جۆر لە مەشق و ڕاهێنان بە سەربازەکان بکرێت لەلایەن سەرۆکی سوپا و لەبەردەم سەرکردایەتی پرۆسە سەربازییەکان کە وەک نوێنەری پاشابوە بۆ کاروباری سەربازی و جەنگ لە وڵاتدا (سلیمان، ١٩٩٣: ١٠٢)، لە سەرجەم هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی پاشاکان لە ڕێگەی ئەو فەرمان و ڕێنماییانەی دەریانکردوە هەوڵی دیاریکردن و ڕێکخستنی دامەزراوەی سەربازی و ئایینی و کارگێڕییەکانیان داوە ئەمەش بە دانانی کۆمەڵێک سەرکردەی سەربازی وەک نوێنەری خۆیان بۆ ڕێکخستنی یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەکە (سلیمان و الفتیان، ١٩٧٨: ١٨٦).

گرینگی یاساکان لە ژیانی مرۆڤەکاندا بەسەرنجدان لەو ماددانەی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخە نەرێنیەکانن کە مەترسیان دروستکردوە بۆ سەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگا و دەرچواندنی ماددەی یاسای نوێ بۆ چارەسەرکردنیان کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا هەبوە بەهۆی ئەو ڕێکارانەی پەیڕەوکراون لەلایەنی سەربازیەوە لە عێراقی کۆندا (رشید، ١٩٨٥: ٤٩-٥٠)، لە یاساکانی ئەشنۆنادا باس لە کاری سەربازی و پاسەوانی کراوە بۆ نمونە ئەگەر کەسێک کەمتەرخەمی لەکارەکەیدا کرد و بەهۆیەوە زیانێک بکەوێتەوە ئەوا سەرباز یان پاسەوانەکە سزادەدرێت بەکوشتن (رشید، ١٩٧٣: ٧١)، بەسەرنجدان بۆ یاساکانی حامورابی و دیاریکردنی ئەو ماددە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە سوپا و ڕێکخستنیان لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانەی پێشوتر

ڕوبەڕوی وڵات ببونەوە، ئەوە بەهۆی كاریگەری ئایینیبو دەبوە هۆی زیادبونی داهاتی پەرستگاكان و زیادبونی زەوییە كشتوكاڵییەكانیان (رشید، ١٩٨٥: ٥٠)، جگەلەوەش ئەو ماددانە بەمەبەستی چارەسەركردنی ئەو كێشەوگرفتانە بوە كە دروستبون لە كاتی پەیڕەوكردنی ئەركە سەربازییەكان و سزای لە سێدارەدان دانرابو بۆ ئەو سەربازەی كەسێكی دیكە لە شوێنی خۆی بەكرێ دەگرت بۆ جێبەجێكردنی ئەركە سەربازیەكەی (سلیم، ٢٠٠٧: ٢٢٢).

بەشێكی دیكە لە یاساكان تایبەتە بەمافی ئەو كەسانەی بەشداریدەكەن لە جەنگ و هێزی سەربازی بەرامبەر ئەو ئەركەی لەسەریانە ماڵێكی گوازراوەیان پێدەدرێت لەلایەن كاهینی گەورەی پەرستگا لەو كاتەی دەچنەوە ناو پەرستگا (صالح، دون تاریخ: ٦٧)، بەیاسا هەوڵی دابینكردنی بژێوی ژیانی سەربازەكان دراوە بەشێوازی مانگانە یاخود هەفتانە دابەشكراوە، ئەوەش بریتیبو لە پێشكەشكردنی خواردەمەنی و كۆمەک و كەلوپەل و پێداویستی ئەو سەردەمە (سلیمان، ١٩٩٣: ١٠٣)، بەڵام ئەگەر سەربازێك كوڕەكەی لە جێگەی خۆی نارد بۆ جێبەجێكردنی ئەركە سەربازیەكەی و كوڕەكەی توانای ئەو كارەی هەبو، ئەوا كوڕەكەی پارچەیەک لە بێستان وەردەگرێت، لەبری ئەو كارەی كردویەتی (رشید، ١٩٧٣: ٩٤).

جێبەجێكردنی ئەركی سەربازی لەلای دانیشتوانی عێراقی كۆن بنەمایەكی ئایینی هەبو بەهۆی ئەو تێڕوانینەی بۆ یاسا و فەرمانەكانی پاشاكانیان هەیانبوە، ئەمە جگەلەوەی سزای قورس بۆ ئەو سەركردە سەربازیانە دانراوە، كە یەكێك لە سەربازەكانیان لە بەرەكانی جەنگ دەبەخشن یان هاوكاری یەكێك لە سەربازەكانی بكات بۆ ئەوەی بەرەكانی جەنگ جێبهێڵێت (سلیم، ٢٠٠٧: ٢٢٢)، یاخود ئەگەر یەكێك لە سەركردە سەربازیەكان لەكاتی جەنگدا لە پشتی سەربازەكانەوە بوەستێت یان ڕابكات و بەرەكانی جەنگ جێبهێڵێت، ئەوا سزا دەدرێت بە لە سێدارەدان (رشید، ١٩٧٣: ٩٥)، بەڵام ئاشورییەكان ئەو سیستەمە سەربازیەی بەكاریانهێناوە سیستەمێكی وردبوە، لەسەرەتادا ئەو فەرمانانەی دەردەچون بۆ چینی جوتیار و كۆیلەكان لە وڵاتی ئاشوریدا بەپێی پێگەی كۆمەڵایەتی بو، ئەوانەی كە بەرهەمی كشتوكاڵی باشیان هەبو یان لە خزمەت پەرستگادا كاریان كردوە بەپێی یاساكانیان دەبەخشران لە سەربازیكردن، هەروەها ئایین كاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر سەرجەم هەڵمەتە سەربازییەكانی دەوڵەتی ئاشوری، چونكە پاشاكان هەڵمەتە سەربازییەكانی بەڕاوێژكردن بە خواوەندەكان ئەنجامدەدا و ڕاپۆرتی سەربازیشیان پێشكەش بە خواوەندەكان كردوە (سلیمان و الفتیان، ١٩٧٨: ١٧٧–١٧٨و١٨٣).

كەواتە سیستەمی سەربازی لە عێراقی كۆندا گرینگی زۆری پێدراوە، هەم لەلایەنی ئایینی و هەمیش لەلایەنی یاساییەوە، لەڕوی ئایینیەوە گرینگی زۆر بەلایەنی سەربازی دراوە بۆ پاراستنی وڵات لە مەترسیەكانی دەرەوە و پاراستنی پەرستگاكان، بێگومان یاساكانیش كاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئایینیان بەسەرەوە بوە، بۆیە چەندین ماددەی یاسایی بونی هەبوە لە عێراقی كۆندا بۆ ڕێكخستنی لایەنی سەربازی و ئەرك و مافی سەرباز و فەرماندە سەربازییەكان.

## ئەنجامەکان

**لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەو دەرئەنجامانەی خوارەوە:**

١. لە عێراقی کۆندا چەندین یاسا و ڕێنمایی تایبەت هەبوە بە کاروبارەکانی کشتوکاڵ، ئەمەش لەژێر کاریگەری پەرستگادا بوە، بەوەی پەرستگا بایەخی زۆری بەکاروباری کشتوکاڵی داوە.

٢. لەو شارە دێرینانەی عێراقی کۆن، کە پێگەی ئایینی بەهێزیان هەبوە گرینگی بەرچاویان بەلایەنی بازرگانی دراوە و چەندین بەندەری بازرگانیان چێکردوە، بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارەش چەندین ماددەی یاسایی تایبەت بە کاروباری بازرگانیان دەرچواندوە،

٣. دانیشتوانی کۆنی عێراق بایەخی بەرچاویان بە ڕازاندنەوەی پەرستگاکانیان داوە، بۆ ڕێکخستنی کاروباری پیشەسازی و کاری دەستییش؛ چەندین ماددەی یاساییان دەرچواندوە.

٤. سیستەمی باج یەکێک بوە لەو لایەنانەی گرینگی زۆری پێدراوە بەتایبەتی لەلایەن پەرستگاکانەوە، ئەویش بە وەرگرتنی بەشێک لەداهات، هەوڵی زیادکردنی داهاتی پەرستگا و وڵاتیان داوە بەپێی یاسا ڕێکیانخستوە.

٥. دەربارەی ڕێکخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان چەندین ماددەی یاسایی بونیان هەبوە، بەتایبەتی بۆ گرفتەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگا، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی دادپەروەری بو لە نێوان دانیشتواندا کە ویستی خواوەندەکان بوە.

٦. لەڕوی بیروباوەڕی ئایینیەوە بایەخ بە ئاهەنگی هاوسەرگیری پیرۆز دراوە و زیاتر لە کۆتاییەکانی ساڵدا پرۆسەکە بەڕێوەبراوە، دەرچواندنی ئەو ماددە یاساییانەش بۆ ڕێکخستنی ژیانی خێزانی و هاوسەرەکان بوە، کە بنەمایەکی ئایینی پیرۆزی هەبوە لە بەدیهێنانی دادپەروەریدا.

٧. یاسا لە ژێر کاریگەری دەقە ئایینیەکاندا بایەخی بەچاسەرکردنی ئەو گرفتانە داوە، کە لەنێوان خێزانەکان ڕویدەدا لە دوای مردنی باوک بۆ دابەشکردنی میرات، مەبەست لەم یاسایەنەش بەدیهێنانی دادگەری کۆمەڵایەتی بوە.

٨. کاریگەری ئایین بەڕونی لەسەر سیستەمی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتەشارەکان و ئەو یاسایانەی لەلایەن پاشاکانەوە دەرچون؛ دەبینرێ، لە نمونەی ئەوەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان لەسەر زەوی بە خواست و ویستی خوداکانە.

٩. مەترسییە دەرەکیەکان و پاراستنی پەرستگاکان هۆکاری بنەڕەتیبون بۆ گرنگیدان بەلایەنی سەربازی، لەم پێناوەشدا چەندین ماددەی یاسایی دەرچوێنراوە بۆ ڕێکخستنی لایەنی سەربازی و ئەرک و مافی سەرباز و فەرماندە سەربازییەکان.

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# Religion As A Basic Foundation for Writing and Establishing Laws in Old Iraq

**Hassan Qadir Mahmood**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Hassanqadir@uor.edu.krd

**Hilmi Rasool Ridha**
Department of History, College of Humanites, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Hilmi.rasool@uor.edu.krd

**Abstract:**

This study is entitled "Religion as a basic principle for writing and establishing the laws in ancient Iraq" highlights some recorded laws in ancient Iraq and exposes the impact and reflection of religion on the legal articles, particularly the articles pertaining to the economic, social and political aspects. The study also explores the legal changes affecting the economic, social and political arenas in the different regions of ancient Iraq.

The study consists of an introduction and three topics as well as references. The first topic covers the law in its historical stages. Here, the agricultural, commercial, and industrial areas as well as the tax system, are studied. The second topic deals with the social laws such as marriage, family, and inheritance. The third topic explores the impact of the laws on the administrative, political and military system; it also contains the most important findings of the study.

**Key words:** Law, Religion, Gods, Celebrations and Ceremonies, Sacredness, Sanctuary.

## پەراوێزەکان:

(١) ئور-نمو: پاشای بنەماڵەی ئوری سێیەم بوە، بە دامەزرێنەری ئەو بنەماڵەیە دادەنرێت، کە کۆتایی دەسەڵات و بنەماڵەی سۆمەرییەکان بوە لە عێراقی کۆندا (باقر، ١٩٧٦: ١٨٣)، لە ٢١١٢ – ٢٠٩٥ پ.ز حوکمی کردوە، کۆمەڵێک یاسای دەرکردوە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ڕێکخستنی دادپەروەری لە وڵاتدا، ئەو بنەماڵەیە کۆتایی دەسەڵاتی سۆمەرییەکانە لەڕوی سیاسی و شارستانیەتی لە عێراقی کۆندا (الذنون، ١٩٩٣: ٢٩–٣٠).

(٢) لبت عشتار: پێنجەمین پاشای بنەماڵەی ایسن لە ماوەی سالانی (١٩٣٤–١٩٢٤پ.ز) بوە، ئەو بنەماڵە دەکەوێت باشوری بابل (رشید، ٢٠٠٤: ١٢٢)، لبت-عشتار یەکێکە لە پاشا بەهێزەکانی بنەماڵەی ایسن لەڕوی دادپەروەری و یەکسانی کۆمەلایەتییەوە، یاسای تایبەتی دەرکردوە (الذنون، ١٩٩٣: ٧٩).

(٣) شانشینی ئەشنۆنا: پێکهاتوە لەو دەوڵەتە شارە (ئەموریانە) کە گرینگیەکی گەورەیان هەیە لە مێژوی عێراقی کۆندا، لەماوەی سالانی ٢٠٠٠–١٧٦١ پ.ز) لەسەر ئەو زەویە سێگۆیە دروستبوە، کە دەکەوێتە نێوان ڕوباری دیجلە و دیالە، لەنزیک بەرزاییەکانی چیای زاگرۆس لە ڕۆژهەلات، پایتەختەکەی شاری ئەشنۆنا، بە دوری (٥٠کم) دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی شاری بەغداد (باقر، ٢٠١٢: ٤٥٢–٤٥٣).

(٤) حامورابی: شەشەمین پاشای بنەماڵەی بابلی کۆن بوە لە ماوەی نێوان سالانی (١٧٩٢–١٧٥٠) پ.ز، بەیەکێک لە پاشا گەورەکانی مێژوی عێراقی کۆن دادەنرێت، ئەو دەوڵەتە زیاتر گەشەی کردوە و بەرەو پێشچوە لەسەدەمی ئەو پاشایەدا بەتایبەت لەڕوی یاساییەوە، کە کۆمەڵێک یاسای دەرکردوە (الأحمد، ١٩٨٣: ٨٨).

(٥) ئاشورییەکان: لەنەتەوەی دورگەیەکانن ونیشتەجێبون لە باکوری عێراق لەهەزارەی سێیەمی پ.ز تاوەک نزیکەی ٦١٢ پ.ز ناوەکەیان لەناوی پایتەختی دەوڵەتەکەیان هاتوە بەناوی (ئاشور) لە شوێنە گرینگەکانی ناوچەکانی باکوری عێراق و چەند ناوچەیەکی تر ژیاون، کۆمەڵێک پاشای بەهێزیان هەبوە، چەندین ئیمراتۆریەتی بەهێزیان دروستکردوە و جێگەیەکی دیاریان هەیە لە مێژوی عێراقی کۆندا(عصفور، دون تاریخ: ٣٧٧).

(٦) شاری نفر (نیبورNippur): ئەو شارە دەکەوێتە باکوری شمریە و ناوەندێکی ئایینی گرینگبوە هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە تاوەکو هاتنی فارسەکان، بەنزیکی (١٠٠میل) لە باشوری شاری بابلەوە دورە، بەگەورەترین ناوەندی شوێنەواری دادەنرێت لەلایەن بەشێک لە زانا ئەمریکیەکان(اسحق، ٢٠٠٦: ٣١–٣٢).

## سەرچاوەکان:


ئاسیموڤ، ئیزاک. (٢٠٠٣)، مێژووی شارستانیەت و هەنگاوی هەزارەکان، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری.

عبدالله، محمدامين علی. (٢٠١٠)، شەڕی گۆگامێلا (ئەربێلا) ٣٣١پ.ز توێژینەوەیەکی مێژووییە لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی، سلیمانی: چاپخانەی کەمال.

ابراهيم، جابر خليل. (١٩٨٥)، الفخار بين الحديث (الكلدي) والعصر الاسلامي(حضارة العراق)، الجزء الثالث، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الأحمد، سامي سعيد (١٩٨٣)، العصر البابلي القديم( العراق في التاريخ )، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الأحمد، سامي سعيد. (١٩٨٥)، الادارة ونظام الحكم(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الأحمد، سامي سعيد. (١٩٨٥)، الزراعة والري(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

احمد، علي ياسين. (١٩٩٨) "وظيفة الخزانو الاشوری"، مجلة سومر، المجلد٤٩، الجزء الاول والثانية، بغداد.

اسحق، رفائيل بابو. (٢٠٠٦)، مدارس العراق قبل الاسلام، .لندەن: دار الوراق للنشر المحدوده

الاعظمي، محمد طه محمد. (١٩٩٠)، حمورابي(١٧٩٢-١٧٥٠ ق.م)، بغداد: شركة عشتار للطباعة والنشر والتوزيع.

اوپنهايم، ليو. (١٩٨١)، بلاد مابين النهرين، بغداد: دار الحرية للطباعة، ترجمة: سعدي فيضي عبدالرزاق.

باقر، طه وآخرون. (١٩٨٠)، تأريخ العراق القديم، الجزء الاول، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.

باقر، طه وآخرون. (١٩٨٠)، تأريخ العراق القديم، الجزء الثاني، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.

باقر، طه. (١٩٤٧)، "معابد العراق القديم"، مجلة السومر، المجلد الثالثة، الجزء الاول، بغداد.

باقر، طه. (١٩٧٦)، مقدمة في ادب العراق القديم، بغداد: دار الحرية للطباعة.

باقر، طه. (٢٠١٢)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، الجزء الاول، الطبعة الثانية، بيروت: دار الوراق للنشر.

البدراوي، عدنان مكي. (١٩٨٥)، نشأة القرى العراقية الاولى(حضارة العراق)، الجزء الثالث، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الجادر، وليد. (١٩٨٥)، صناعة والتعدين( حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

حديد، حسيب الياس. (١٩٧١)، دراسات في حضارة بلاد الرافدين، بيروت: دار الكتب العلمية.

حسن، أحمد ابراهيم. (٢٠٠١)، تاريخ النظم القانونية، الاسكندرية: ديوان المطبوعات الجامعية.

الحسيني، عباس علي. (٢٠٠٤)، مملكة ايسن بين الارث السومري والسيادة الامورية، دمشق: منشورات اتحاد الكتاب العرب.

الحمداني، شعيب احمد. (١٩٨٩)، قانون حمورابي، القاهرة: الناشر العاتك بالقاهرة.

الدباغ، تقي. (١٩٨٥)، الفخار في عصور ماقبل التاريخ(حضارة العراق)، الجزء الثالث، بغداد: دار الحرية للطباعة.

دلو، برهان الدين. (١٩٨٩)، حضارة مصر والعراق(التاريخ الاقتصادي-الاجتماعي-الثقافي والسياسي)، بيروت: دار الفارابي.

الذنون، عبدالحكيم. (١٩٩٣)، تاريخ القانون في العراق، دمشق: دار علاء الدين.

الراوي، فاروق ناصر. (١٩٨٥)، العلوم والمعارف (حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الراوي، فاروق ناصر. (١٩٨٥)، جوانب من الحياة اليومية(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

رشيد، عبدالوهاب حميد. (٢٠٠٤): حضارة وادي الرافدين ميزوبوتاميا ، بغداد: دار للثقافة النشر.

رشيد، فوزي. (١٩٧٣)، الشرائع العراقية القديمة ، بغداد: دار الحرية للطباعة.

رشيد، فوزي. (١٩٨٥)، الجيش والسلاح(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

رو، جورج. (١٩٨٦)، العراق القديم،الطبعة الثانية، بغداد: دار الشئون الثقافة العامة،ترجمة: حسين علوان حسين.

زودن، ف.فون. (٢٠٠٣)، مدخل الى حضارات الشرق القديم، دمشق: دار المدى للثقافة والنشر، ترجمة: فاروق اسماعيل.

ساكز، هاری. (١٩٧٩)، عظمة بابل، ، الطبعة الثانية، الموصل: جامعة الموصل، ترجمة: عامر سليمان.

ساكز، هاری. (١٩٩٩)، قوة اشور، بغداد: منشورات المجمع العلمي، ترجمة: عامر سليمان.

سليم، أحمد أمين. (١٩٨٥)، الآسرة في العراق القديم، بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

سليم، أحمد أمين. (٢٠٠١)، العصور الحجرية وماقبل الاسرات في مصر و الشرق الادنى القديم، الاسكندية: دار المعرفة الجامعية.

سليم، أحمد أمين. (٢٠٠٢)، دراسات في تاريخ وحضارات الشرق الادنى القديم مصر والعراق دراسه حضارية، بيروت: دار النهضة العربية.

سليم، أحمد أمين. (٢٠٠٧)، حضارة العراق القديم، الاسكندرية: دار المعرفة الجامعة للطبع والنشر والتوزيع.

سليمان، عامر و الفتيان، احمد مالك. (١٩٧٨)، محاضرات في التاريخ القديم، الموصل: دار الكتب للطباعة والنشر.

سليمان، عامر. (١٩٨٣)، جوانب من حضارة العراق القديم(العراق في التاريخ)، بغداد: دار الحرية للطباعة.

سليمان، عامر. (١٩٩٣)، العراق في التاريخ القديم، الموصل: دار الكتب للطباعة والنشر-الموصل.

سوسه، أحمد. (١٩٦٨)، الرى و حضارة في وادي الرافدين، الجزء الاول، بغداد: مطبعة الاديب.

شريف، ابراهيم. (دون تاريخ)، الموقع الجغرافي للعراق واثره في تأريخه العامة حتي الفتح الاسلامي، الجزء الثاني، بغداد: مطبعة شفيق.

صالح، عبدالعزيز. (٢٠٠٤)، الشرق الادنى القديم مصر و العراق، الجزء الاول، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

صالح، عبدالعزيز. (دون تاريخ)، الشرق الادنى القديم العراق، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

طالبي، أحلام سعد الله. (٢٠٠٣)،"هدايا الزواج عند سكان بلاد الرافدين"، أدب الرافدين، العدد٣٧، جامعة الموصل.

الطائي، سمير لولو. (٢٠٠٧)، العنف السياسي في بلاد الرافدين، عمان: دار دجلة ناشرون وموزعون.

الطعان، عبدالرضا. (١٩٨١)، الفكر السياسي في العراق القديم، بغداد: دار الرشيد للنشر.

عصفور، محمد ابو المحاسن. (دون تاريخ)، معالم الحضارات الشرق الادنى القديم، بيروت: دار النهضة العربية.

فرزات، محمد حرب و مرعي، عيد. (١٩٩٤)، دول وحضارات الشرق العربي القديم، الطبعة الثانية، دمشق: لدار طلاس للدراسات والترجمة والنشر.

كلنغل، هورست. (٢٠١٢)، حمورابي ملك بابل وعصره ، بغداد: عاصمة الثقافة العربية، تر: غازى شريف.

مجموعة من المؤلفين. (٢٠٠٨)، شريعة حمورابي، الطبعة الخامسة، دمشق: منشورات دار علاءالدين، ترجمة: أسامة سراس.

محمد، جيا فخري عمر. ( ٢٠١١)، القوانين السومرية والقوانين البابلية القديمة، دمشق: دار تموز دار رند للطباعة والنشر والتوزيع.

النجفي، حسن. (١٩٨٢)، التجارة والقانون بدأ في بلاد سومر، بغداد.

الهاشمي، رضا جواد. (١٩٨٥)، التجارة(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

الهاشمي، رضا جواد. (١٩٨٥)، القانون والاحوال الشخصية(حضارة العراق)، الجزء الثاني، بغداد: دار الحرية للطباعة.

.Kennedy, J. (1898), “The Early Commerce of Babylon With India-700-300B.C”, Jrasbi

1990), Sealed cuneiform tablets from Hellenistic Uruk : An Iconographic and Prosopographic ( R.,Wallenfels Analysis of the private Business Documents, Ph.D, Columbia University.